YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٥٢ی ئەیلول ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.52.September2023

# گوشار بە کارتی چەککردن و موچە و بودجە

**یادنامە**

فراوانخوازی و داگیرکاری وڵاتان لەژێر هەژمونی وڵاتانی زلهێزدا بە فۆرمێکی تر جیاواز لەوەی کە لە مێژودا تەواو داگیر دەکرا و نوێنەرێکی وڵاتە زل هێزەکە بەڕێوەی دەبرد یان دانانی والییەک لە خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی داگیرکراو و تەنها وڵاتە زل هێزە فراوانخوزە داگیرکەرەکە باج و خەراجی دەویست و لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت ، ئەگەر ئەم فۆرمە هی سەردەمی فراوانخوازی هەژمونی گشتی وڵاتانی زل هێزی ئەو کات بوبێت بە تایبەتی داگیرکاری سەربازی ئەوا هەمان داگیرکاری لە فۆرمێکی تردا و لە ئەمڕۆدا هەیە و کارایە .
بە پێی ئەو پەیوەندیەی سەرەوە ئێستە عێراق لەژێر هەژمونی ئێراندایە سنورێکی دوورودرێژی بە ئێرانەوە هەیە لەم ڕوانگەیەوە هێزەکانی نێو عێراق بە هەمو جۆرەکانیانەوە ناتوانن لەژێر سەقفی ئێرانی دەربچن بۆیە کاتێک هەرێمێک یان حیزبێک یان هیلالێک دەیەوێ دژایەتی ئەم ڕەسمی داگیرکاریە بکات لە تارانەوە کارتەکان دژی بەکاردەهێنرێت ، ئێران زۆر بە ڕاشکاوانە پلانی ڕێگرتنی دوبارەبونەوەی شۆڕشی ژینای داناوە و پێی وا بوە کە حیزبە کوردستانییەکان لە پشتی فراوان بونی ئەو خۆپیشاندانەی پارساڵەوە هەبوە بۆیە بێ پەردە ئەمەی بە هێزە عێراقییەکان وت و هێزکانی سونە و شیعە بێ ئەملاوئەولا قبوڵیان کرد و فزەیان لێنەهات و لە هەرێمیش زۆنی سەوز کە سەر بە خۆیەتی بێ هیچ قسەیەک قبوڵی کرد ، ئەوی مابوەیەوە پارتی و زۆنی زەرد بو ، کە کارتەکەیان بەکار دەهێنا دژی و موچە بوە کارتی بەهێز کە کارتی تر زۆر هەیە ئێران لە ڕێگەی بەغدادەوە چۆک بە هەرێم دابدات ، بۆ ئەم مەبەستە سەقفی یەکەمی کە ڕێککەوتنی سیاسیە وەستان و هاتنە سەقفی دوەم کە یاسای مالی و پەیرکەوتەی بودجە و موچە بو ، چونکە لە دیدی ئێرانیەکانەوە حکومەت هی پارتیە و یەکێتیش بایکۆتی کردبو ، دواجار هەرێم تەسلیمی بەغداد بو بە چەککردنی هێزە کوردییەکان و ڕادەستکردنی داواکراوەکان بە ئێران ، هەر بە پێێ یاسای نێودەوڵەتیس دەبێت دوو وڵاتی دراوسێ بە پێێ ڕێککەوتنیان پشێوی بۆ وڵاتەکەی تر دروست نەکەن بە تایبەت بونی هێزی چەکدار لە وڵاتێکیاندا ، کە دەکرا وەک ستراتیژی نەتەوەیی و سیناریوی هێزی کوردی باڵانس ڕابگیرایە نە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵات زەرەر بکەن نە کارێکش بکەن ئێران هێزی تر بەکار بهێنێ ، خۆ ئەگەر هەردو زۆنەکەش دژی ئەم بڕیارەی ئێران بوستانایەتەوە ئەوا ئێران بەهێز بۆی دەهات و هێزە کوردیەکانی باشوریش هیچ دەستەڵاتێکیان نەبو .




# نەخشەی کوردستانی گەورە

نەخشەیەکی عوسمانلی ساڵی 1803. کە تێیدا کەرکوک بەشێکە لە کوردستان. ئەو ئەتڵەسە یەکەم ئەتڵەسە کە لە جیهانی ئیسلامیدا چاپکرابێت. تەنها ٥٠ دانەی چاپکراوە.
لەبەر دەگمەنی ئەو ئەتڵەسە بە بەهاترین ئەتڵەسی مێژویی ئەژمار دەکرێت لە ئاستی جیهانی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.
وەرگیراوە





کرۆکی کێشەکە لە بەغدایە یا لەهەولێر ... ل٢
وەفایی ... ل٣
بەسەرکردنەوە ... ل٤
بە سەرکردنەوەی تێکۆشەران ... ل٥
ڕۆژ هەڵەبجەیی ... ل٦
پاتەی قوڕاوی ... ل٧
سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵان ... ل٩
جوجەڵەکان ... ل١٠
گۆڕانکاریی پەروەردەیی ... ل١١
گرنگی خوێندنەوەی ڕۆمان ... ل١٢
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٦
سالار مەحمود: دوژمنانی کورد ئیسرائیل وەک بەهانەی داگیرکردنی کوردستان بەکاردێنن ... ل٢١
جەستەیەکی هەپروون ... ل٢٣

# کرۆکی کێشەکە لە بەغدایە یا لەهەولێر؟



د.کامەران مەنتك
2023\9\3

لەدوای رووخانی رژێمی سەدامەوە، هەموو کوردێکی سادەش دەیزانی، کە ئێراق هەرکاتێك دەرفەتی بۆ بڕەخسێتەوە، لەهەموو شتێك پەژیوان دەبێتەوە ودەگەڕێتەوە سەر ئەو رێچکەیەی، کە لە دامەزراندنییەوە، بەرامبەر کورد لەسەری رۆیشتووە، تەنیا هێزە کوردییەکان نەبێت، بەناوی فیدراڵی ولەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندی خۆیان کەوتنەوە دروستکردنی ئەو ئێراقەی، ئێستا بەو شێوەیە رەفتار دەکات، لە جیاتی ئەوەی کار لەسەر دامەزراندنی بنەماکانی قەوارەیەکی یاسایی بکەن، کەوتنە پیاهەڵدانی چەساندنی مافەکانی کورد لە دەستووری ئێراق، ئەو دەستوورەی وەك دەڵێن بەهای ئەو کاغەرەشی نەبوو و نییە، کە لەسەری نووسراوەتەوە.

لەدوای دەنگدان بەدەستوور، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراق، لەکاتێکدا لەو پەڕی لاوازیدابوون، ئامادە نەبوون، هیچ یەکێك لەو مادانە جێبەجێبکەن، کە لەبەرژەوەندی کورد دابوو سەرکردەکانی کورد بە دەستکەوتیان دەزانی، کەچی بێدەنگ بوون ووەك سیاسەتمەدارێکی زیرەك دنیادیدە خۆیان نیشان دەدا، لەکاتێکدا ناو ماڵی عەرەب، شیعەو سوننە، سوننەو سوننە، شیعەو شیعە، کێشەیان تێدەکەوت ونەیاندەتوانی حکومەت پێکبێنن، هەولێر بەیەکەوەی کۆدەکردنەوە و لەپیناو کۆمەڵێك بەڵێنی بێ بنەما، حکومەتیان دروست دەکردەوە، هەرکاتێکیش حکومەت دروست دەکرایەوە، هەمان سیاسەتی بەرامبەر کورد پیادە دەکردەوەو سەرکردەکانی کوردیش وەك هەمیشە دەستیان بە بۆڵە بۆڵ وفریودانی خەڵك دەکردو بەغدایان بە بێبەڵین وستەمکار پێناسە دەکردەوە!.

لەساڵی (2010) لە کۆنگرەی هەولێر حکومەتی ئێراق دروستکرایەوە، بەڵام لەساڵی (2014) پەرلەمانتارانی کورد بەشەرمەزارییەوە ولەدوا چرکەدا چوونە ناو پەرلەمان بۆئەوەی بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان لەسەر حکومەتێك بکەن، کە لەساڵی (2017) پەلاماری کوردسستانی دا، ئەمانە هەمووی خەتای بەغدان یاخود خەتای ئەو هێزانەی خۆمان، کە جگە لەگیرفانی خۆیان هیچ ستراتیژێکی نیشتمانی ونەتەوەییان نەبووە، باشە ئەوا هەموومان دەزانین بەغدا کەرکوکی تەعریب کردو دەکات، ئەی کێیە هەولێرو سلێیمانی تەعریب دەکات، ئێستا رێژەی عەرەب لەهەولێر خەریکە لەرێژەی عەرەب لەکەرکوك زیاتر دەبێت، ئێستا ئەو مادەی 140، کە 23 ساڵە گوێچکەی تاکی کوردیان پێ ئازار داوە، پێویستە لە هەولێرو سلێمانی ودهۆك وناوچەکانی تری هەرێم جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوەی تەعریب لەو شارانە زۆرخێراترو چڕترە، ئایا ئەو تەعریبەش بەغدا کردوویەتی ودەیکات؟

بەغدا چی بکات، کە ئەوان زیاتر لە 30 ساڵە نەیانتوانی هێزێکی چەکداری نیشتمانی دروست بکەن،کە موڵکی میللەت بێت بێت وبەرگری لەکوردستان بکات، بەغدا چیبکات، لەو ماوە زۆرەدا هەموو قووتی خەڵکی کوردستانیان لە خزمەت چەکدارەکانی خۆیان بەکارهێنا بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پێبپپارێزن و بەرگری لە سەری خۆیان بکەن، کە رۆژێك دێت ناتوانێت ئەمەش بکات، چ مەهزەلەیەکە، لەکاتێکدا ئەوانەی دوژمنی باوەکوشتەی یەکترن، کاتێك دەبینن دوژمنەکەیان لە دۆخێکی نالەباردایە، وەك هەڵوێستێکی مرۆڤانە، رەنگ بێت نەك دوژمنایەتییەکە رابگرن، بگرە یارمەتی یەکتریش بدەن، کەچی ئێستا لە کاتێکدا هەرێمیان گەیاندۆتە ئەو رۆژەو لە ئاڵۆزترین دۆخدایە، ئەوان خەریکی شەڕە دەنووکن ویەکتر بە 31 ئاب و16 ئۆکتۆبەر تاوانبار دەکەن، بۆ شکاندنی ملی یەکتر دەست لەگەڵ هەموو دۆست ودوژمنێك تێکەڵ دەکەن

نازانم چۆن شەرم ناکەن یەکتر بەو شتانە تاوانبار دەکەن، لەکاتیکدا مێژووی راستەینەی هەردوو حیزب، یەکپارچە 31 ئاب و 16 ئۆکتۆبەرە، لەوەش سەیرتر، هەندێك هێزی تر دۆنکیشۆتانە، خۆیان دەنوێنن وبازووە فشۆڵەکانی خۆیان نیشان دەدەن، لەکاتێکدا لەو ململانێیە ئاڵۆزە دەگوزەرێت بەهای پوشکەیەکیشیان نییە!

خوێنەری بەڕێز

خۆت سەرپشك بەرو بەشێوەیەکی ئاوەزمەندا بیربکەوە، بزانە کێ تاوانباری سەرەکییە لەو دۆخە، بەغدایەك،کە سەرباری ئەو پەرتەوازەیی وگەرەلاوژەیەی تیایدا دەژیت، ستراتیژێکی نیشتمانی خۆی یادە دەکات ودەیەوێت ئەو تەلیسمی فیدراڵییە تێکبشکێنێت،کە هەر لەسەرەتاوە باوەڕنەبوونی خۆی پێی نیشان داوە، یاخود ئەو سەرکردە نا سەرکردانەی حۆیان فریوداوە، کاتێك ئێراق لەو پەڕی دارمان وهەلوەشاوەیی دابوو ئاوەدانیان کردەوە!؟

## مووچە بەرامبەر گەڕانەوە بۆ سنوور دەستپێکردنی قۆناغێکی مەترسیدار

د. کامەران مەنتك

دوای هاتنی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغداو هەولێر، واپێدەچێت دوا هێڵی ئەو پلانە مەترسیدارە دارێژرابێت، کە لەلایەن هێزە هەرێمییەکانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، مەسەلەی مژوولکردنی خەڵك لەباشووری کوردستان بە قەیرانی مووچەو زەقکردنەوەی چەك کردنی هێزەکانی رۆژهەڵات، کە خۆیان لە بنەڕەتدا هێزی سڕکراوبوون، دوور خستنەوەیان لەناوچە سنوورییەکان.، ئەمانە هەمووی دەکەونە چوارچێوەی ئامادەکردنی گۆڕەپانێکی شەڕی فراوان وخۆشکردنی زەمینەی شەڕ لە باشووری کوردستان، بە واتایەکی تر جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژەیە، دەیەوێت باشووری کوردستان بەتەواوی بکات بە گۆڕەپانی شەڕو دۆخەکە بگەڕێنێتەوە بەر لە قۆناغی راپەڕین، بەمەش دوا هیواکانی سیستەمی تاکجەمسەری و خەونەکانی کورد لەو قۆناغەدا لەگۆڕ دەنرێن، ئەگەر بێتوو ئەمریکا خۆشی بەشێك بێت لەو سیناریۆیە!

شان بەشانی زەمینەخۆشکردن لەباشووری کوردستان بەناوی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، بە هاوکاری ئێران، جۆرە رێککەوتنێکیش لەنێوان هەردوو رژێمی تورکیاو سوریاو ئەنجام دراوەو وا پێدەچێت هێرشکردنە سەر رۆژئاوای کوردستانیش لە ئان وساتدا بێت، ئەمەش ئەوە روونیدەکاتەوە، کە گۆڕەپانی شەڕی ئەمجارە لە رۆژئاوای کوردستانەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو باشووری کوردستان، رێك تا دەگاتە زینی وەرتێ، ئەو شوێنەی، کە ناوچەی هەژموونی تورکیای تیادا بە کۆتا دێت وناوچەی هەژموونی ئێران تیایدا دەست پێدەکات.


سەرنجێك لەو پانتاییە جوگرافییە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە کرۆکی ستراتیژەکە درێژکردنەوەی پشتێنەی سنوورییە، کە تورکیا ناوی ناوە ناوچەی ئارام، بەشێوەیەك ئەو پشتێنەیە لە چیای کرمانجان، واتە ناوچەی عەفرین(دەریای سپی ناوەڕاست)، درێژ دەبێتەوە، تاوەکو دەگاتە دوا خاڵی سنووری ئێراق وئێران لە خانەقین، ئەمەش بەواتایەکی تر، ئەگەرێکی زۆر لە ئارادا دروست دەکات، کە سەرباری رێککەوتن لەسەر کشانەوەی بەشێك لەهێزە چەکدارەکانی رۆژهەڵات، ئێران پەلاماری باشووری کوردستان بدات وهاوشێوەی تورکیا هەوڵبدات بەقووڵایی 30 کیلۆمەتر بێتە ناو سنووری باشووری کوردستانەوە، بەم چەشنە سنوورەکانی باکووری باشووری کوردستان 30 کیلۆمەتر، واتە سەختترین ناوچەکانی لەدەست دەدات، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەك لانکەیەك بووە بۆ بزووتنەوە چەکدارییەکانی کورد!

دیارە لە ئێستادا ئێراق، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە بە پلەی یەکەم وتورکیا بە پلەی دووەم بەڕێوە دبرێت، جگە لە سازش کردن و ئامادەبوون لەدەست بەرداربوون لەو پانتاییە جوگرافییە بۆ ئەو دوو وڵاتە زیاتر هیچ بژاردەیەکی تری نییە، ئەمە جگە لەوەی هێڵی ناسیونالیست وراسیزمی عەرەبی لەئێراق، خۆشی ئامادەیە هەموو سازشێك بکات، بەرامبەر ئەوەی کورد هەموو دەستکەوتەکانی لەدەست بدات.

ئەو ستراتیژە هەرێمییە ئەگەر بێت وسەربگرێت، ئەوە زیانێکی یەکجار گەورە بەکورد دەگات، بەدرێژایی سەدەی بیستەم دووچاری ئەو شکستە نەبووە، کە دووچاری دەبێت، لەبەرئەوەی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام، کە لەبنەڕەتدا زەمینە خۆشکردنە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچە سنوورییانە، ئەمجارەیان، بەپێچەوانەی قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، کە کوردستان لەسەر بنەمای جوگرافی دابەش کرا، لەسەر بنەمای دیمۆگرافی دابەش دەکرێتەوە وکۆمەڵێك دیواری مرۆیی لەنێوان پارچەکاندا دروست دەکرێت، بۆئەوەی لەهەموو لایەکەوە دیمۆگرافیای کوردستان بگۆڕن وکورد بتوێیننەوە.

ئەم گۆڕانکارییە مەترسییدارانە روودەدات، لەکاتێکدا باشوور بە مەسەلەی مووچەو رۆژهەڵات بەمەسەلەی گواستنەوەی هێزە چەکدارەکانی خەریك کراوە، دوور نییە پێدانی مووچە شان بەشانی دەستپێکردنی ئەو شەڕە بێت، کە لەبنەڕەتەوە مۆرکی شەڕی ناوەخۆی کوردی - کوردی پێوە لکاوە، بەڵام بەناوی سوپای ئێراق وتورکیاو ئێرانەوە ئەنجام دەدرێت، بۆئەوەی خەڵك زیاتر خەریك بکەن.

لەو دۆخە ئاڵۆزەدا باشترین بژاردە بۆ کورد ئەوە بێت، کە رێگە نەدات، یاخود تا بۆی دەکرێت خۆی لەو شەڕە دوور بخاتەوە، لەبەرئەوەی شەڕەکە تەنیا لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان نییە، وەك بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵکو لێدانی کۆی مەسەلەی کوردە، بەرپرسیاریەتی شەڕێکی وا، لەکەیەکی هێندە دزێوە، سەرباری بوونی زۆر لەکەو پەڵەی ناشیرین لەمێژووی بەناو حیزبەکانی باشوور، بەڵام هیچیان بە قەد ئەوە لەکەیە قێزەون ودزێو نابێت، رەفتارێکی لەو شێوەیە رێك واتای بڕینەوەی ئەو دارەی خۆیان لەسەری وەستاون.




# وەفایی

ویکیپیدیا

میرزا عەبدوڕڕەحیم سابڵاغی ناسراو بە وەفایی شاعیری بە ناوبانگی کورد، ساڵی ١٢٦٤ی هەتاوی (١٨٤٤) لە شاری مەهاباد لەدایکبووە.
وەفایی کوڕی مەلا غەفوور کوڕی مەلا نەسروڵڵا، یەکێکە لە شاعیرانی کورد زمان. خوێندنی سەرەتایی و بەرنامەی حوجرەی مزگەوتی لە زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی لە مەهاباد تەواو کردووە و هەر لەوێش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵام لەناو خەڵکی بە مەلا نەناسراوە و تەنیا میرزایان پێ وتوە. هیچ بەڵگەیێک بەدەستەوە نیە مەلایەتی کردبێ، بەڵام قوتابخانەی تایبەتی خۆی هەبوە و وانەی بە منداڵان وتوە و پێی ژیاوە.
وەفایی سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی لەمەڵبەندی خۆی مەهاباد بردۆتە سەر. لەم ماوەیەدا خەریکی وەرگرتنی زانست و زانیاری بووە. لەدوای ئەوە لەجێگەیێک ئۆقرەی نەگرتووە لە هەکاری وڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شاری سلێمانی ژیاوە. چوونە حەجیشی لەو سەردەمانەدا کاتی زۆری ژیانی شاعیری بۆ خۆی بردووە.
زەکات و سەرفترەی وەرنەگرتووەو ، موچەی فەقێیاتی نەویستووە.
شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری شیعری وەفایی بەدڵ بووە، لەو ڕێگەیەوە ناسیویەتی، خۆشی ویستووە لەبەر ئەوە لێی نزیک بۆتەوە. ماوەیەکی درێژ لای ژیاوە، شیعری بۆ خوێندۆتەوە، سکرتێرییەتی نووسینی بۆ کردووە و کاروباری خوێندەواری بۆ بەڕێوە بردووە.
وەک لە ژیانی شاعیر دەردەکەوێ چوونە حەج لە لای جۆرە ئارەزوویێکی لا درووست کردووە لەوانەیە بەهۆی هەڵوێستی بەرامبەر ئایین و حەزکردن بەگەشت ئەم ئارەزووەی لا درووست بووبێ.
لەدوا گەشتیدا بۆ سلێمانی لەساڵی ١٩٠٠ ز وا دەردەکەوێ ماوەیێک تێیدا ژیاوە و لەساڵی ١٩٠٢ ز حەجی سێیەمی کردووە. قسەی واش هەیە لە ساڵی ١٨٩٨ ز لە گەڵ شێخ سەعید حەفید چووە بۆ ئیستانبول و لەوێوە لەگەڵی ڕووی کردۆتە وڵاتی حیجاز.
هەرچۆنێبێ وەفایی لەگەڵ کاروانی شێخ سەعیدی حەفید و سەید ئەحمەدی خانەقا و شێخ مستەفای شێخ عەبدولسەمەدی قازی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد چووە بۆ حەج، ئەگەر هەمووشیان لەو کاروانە دا نەبووبن لەڕێگەی گەڕانەوە ئەو کەسانە پێکەوە گەڕاونەتەوە و هەر لەو سەفەرەدا بە پیرەمێردی شاعر دەڵێت کە شعرەکانی لە ڕێگای عەشقی پێغەمبەر دا (د.خ) و بۆ ئەو زاتە نوسیوە.
لە سارای عەرەبستان لە سەردەمی گەڕانەوەی ئەو حاجیانە وەفایی تووشی نەخۆشی زەحیری دەبێ، مەرگ ماوەی نادا و ئەنجام لەو وڵاتە دوورەدا کۆچی دوایی دەکا و لە ناو لمی بادیەی عێراق یا بیابانی شام لە لایەن هەواڵەکانییەوە لە ساڵی ١٩٠٢ز دوور لە نیشتمان بەخاک دەسپێردرێ.
پیرەمێرد دەڵێ: "بەدەستی خۆم لە بیابان وەفاییم ناشتووە."
پاش تێپەڕبوونی ١٠١ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شاعیری ناسراوی کورد "وەفایی"، بۆ یەکەمجار وێنەی ئەو شاعیرە دۆزرایەوە.
نووسەر و شاعیری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساکار سۆفیزادە ناسراو بە "موحیبی مەهاباد" توانی وێنەی شاعیری گەورەی کورد بدۆزێتەوە. موحیب، ڕوونیکردەوە، وێنەکە لە ئەلبومی "عەلیخانی قاجار" دا دۆزراوەتەوە، کە وێنەگری تایبەتی هەریەک لە ناسرەدین شا و، موزەفەرەدین شا، پاشای قاجار، بووە و لە ماوەی تەمەنیدا سەدان وێنەی دەگمەنی پادشا و سیاسی و ناودارانی زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتووە.
لە وێنەکەدا شەش کەسایەتی و مامۆستای ئایینی مەهاباد لە تەنیشت یەکتر وەستاون، هەرچەندە لە ئەلبومەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە وێنەی وەفایی و چەند کەسایەتییەکی مەهابادە، بەڵام ڕوونەکراوەتەوە کامەیان خودی وەفاییە.
موحیبی مەهابادی، کە هاوکات لە نەوەکانی وەفاییە، وتیشی: "پاش بەدواداچوونی ورد و سۆراخی باڵا و ڕادەی ریش و ڕەنگی پێست و شێوە و ڕووخسار و شێوازی پۆشینی جلوبەرگی وەفایی، ئەوە دەرکەوتووە کە کەسی چوارەمی وێنەکە لەلای ڕاستەوە، وەفایی خۆیەتی".
بەپێی زانیارییەکانی موحیب، وێنەکە لەنێوان ساڵانی ١٨٩٩-١٩٠٠ لە خانەقای شەمزین گیراوە، کە دەکەوێتە چوارڕێیانی ئازادی لە شاری مەهاباد و، وەفایی لەو ساڵانەدا، وەک وانەبێژ لەو خانەقایە خزمەتی کردووە.






# بەسەرکردنەوە

چۆن نەمران دڵشاد مەریوانی و کەریم عوسمانم ناسی ،رەوانیان شاد
هاوینی ساڵی ١٩٨٢ گەرمایەکی تاقەت پروکێنی هەبوو لەسلێمانی لە هەواری تازەوە ئەهاتمە خوار بەرەو ناوشار سەگە بەرەڵاکانی قەراغ شار زمانیان هاتبووە سەرئەژنۆیان تاقەتی حەپەحەپیشان نەبوو ،لۆژ لۆژ داگەرام بن دیواری ماڵەکان سێبەرەکەی زۆر خۆشتر بوولەبەر هەتاوەکە ، تاق و تەرا مانگاو چەند قەلێکی چڵم شۆڕو باڵیان تا سەر زەوی یەکە شۆڕکردبۆوە خۆیان لەو بن سێبەرانە گیر کردبوو لەتاو گەرما ،ووریتەیان نەئەهات جار جار نەبێ پرمەیەک و سەر ڕاوەشانێک مێش و مەگەزی ماخۆلان ونەسرەوتویان لەخۆیان دەردەکرد ،ناو کۆڵانەکان بێدەنگ و چۆڵ تاق و تەرا منالێ دوان بە جلی شڕو شەرواڵێکی خوارەوە فرتەیان ئەکرد منالێ نەگبەت ،جار جاریش بایەک چەند پارچە زەرف و کاغەزو پارچە نایلۆنی ئەهێناو بەخشە خش کەس نەیئەزانی بۆ کوێیان ئەبات بەودۆڵەیا لوولی ئەکردن سەرەو ژوورو سەرەو خوار،جارجاریش تەقەی قاپ و شڵپە ئاوێک کۆڵانی پڕ ئەکردو بەدوایدا دەنگی ناسکی ژنێک فێنکاییەکی ئەدا بەدڵ .

بەدەم ڕێگاوە بە نەرمە گۆرانی و،عارەق سرین و ،سەد خەیاڵ هەریەک لەئاشێ جارێک ئەبووم بەپێشمەرگەیەکی قارەمان و جارێک نیازێکم بەسەر دیواری ماڵێکدا ئاودیوو ئەبوو بۆ حەوشەو ژوور بەژوور بەدوا دەنگی ناسکی شۆڕە کچێکدا ئەرۆیشت ....... جارێکیش بەسەرباڵی کۆترێکەوە ئاسمانەو ئاسمان ئەفریم ........،خەیاڵ گەیاندمیە ماڵی خاڵە بەکرم بەکری خاڵە عەلی چوارتا لە مەجید بەگ .

دوای سەلام و کەلام ووتیان خاڵە بەکر نەخۆشەو بردوویانە بۆ نەخۆشخانە /خەستەخانەی جامیعە / نەشتەرگەری بۆ ئەکرێ و کەسی لانی یە ،من یەکسەر ڕۆیشتم چووم بۆ لای .

خاڵە بەکر لەژوورێکی چوارگۆشەی گەورەدا لەسەر پەنجەرەیەک بۆ حەوشەکەی دەڕوانی بەرامبەری کورسی و مێزێک و لەسەروی کورسی و مێزەکەوە دڵشاد مەریوانی لەجێگەدا کەوتبوو کەریم عوسمانیشی بەدیارەوە بوو من هەردوکیانم دەناسی دوور بەدوور دڵشاد مەریوانی شاعیرو نووسەرو شانۆکارو ڕوناکبیر کەریم عوسمانیش شانۆکار بوو،کەوتینە قسە باسی شۆڕش و کوردو بەتایبەتی زۆری باسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان بوو هەموو لەویاندا هاوڕا بوین دوایش دەرکەوت هەریەک لەڕێیەکەوە پەیوەندی ڕێکخستنمان هەبوو بە کۆمەڵەوە ،جارجاریش نوکتەو نەرمە گۆرانیەکی زۆر هێواشی تێدەکەوت و لەهەرباخ گوڵێک تا گەیشتینە باخی شیعرو ئەدەبیات و ...بەڕاستی دوو مرۆڤی ناسک هەست لەبز شیرین خاوەن لوتف بەرێزو ڕووناک بیرو ووشیار بوون

پیاوێکی پیری کەنەنفت و داماو کەسی لا نەبوو هەر ئەووەندەت ئەزانی لەسەر قەرەوێڵەکەی ئەکەوتە خوار لە تەنیشت خاڵە بەکرمەوە بوو ،کچەکەی هات سەردانی کرد زۆرمان پێکرد بۆ ئەو پیاوە پیرەتان تەنیا بەجێ هێشتووە و چەند جار کەوتۆتە خوارەوە ئێمە زۆر ئاگاداری بووین لەدوایدا کورەکەی هات بۆ لای ئەویش هەر ئێوارە خۆی کرد بەژێر مێزەکەداو نوست . هەرچەندە نەم هێشت بنووێ ئەچووم ئەمووت نەشتەرگەریەکەت چۆنە کابرا هاواری لێهەسابوو ئەیووت کاکە من نەخۆش نیم وازم لێبێنە منیش ئەمووت ئەها باشە ببوورە بەڵام تا بەیانی ئەوە بەزمم بوو هەر نەمهێشت بنوێ .

لەتەنیشت کابرای پیرەوە پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتی ئێران بوو ،لەسەر تەختی نوستنەکەی شڵپەی خوێنی ئەهات ئەویش کەسی لانەبوو ،هەرچەندە لەگەڵ کاکە کەریم ئاگاداریمان ئەکرد بەڵام جارێ کەوتە خوارەوە هەر هاواری بوو ئەیوت خوا مەرگ ،جووم بۆ لای مزەمیدێک / پەرستار/ پیاوێک ووتم کاکە ئەو نەخۆشە حاڵی خراپە هاتن سەیرێکیان کردو قاچ و قۆڵیان توووند بەقەرەوێڵەکەوە بەستەوە ووتم کاکە ئەوە بۆ ووتیان با نەکەوێتە خوارەوە هیچی نی یە ...!!!!!!

ووتم دکتۆر گیان جی هیچی نی یە ..ئەوە گیانی شەڵڵی خوێنە ئازاری زۆرە ......


کاکی مزەمید بەگژما هات قیژاندی ووتی تۆ کێیت خۆت کردووە بەدکتۆر،جارێکی تر قسە لەئیشی ئێمەدا مەکە . قسەم نەکرد ، قسەی چی بکەم هەر بەپاڵ ئەیانکردمە دەرەوە .

کاکی مزەمید ڕۆیشت و، دکتۆر هات یەکەم کەس سەیری پێشمەرگەکەی کرد و ووتی بەپەلە بیبەن ئەمە نەزیفیەتی و خوێن لە لەشیا نەماوە بەپەلە بردیان ،ووتیان خوێنی ئەوێت ،کاکە کەریم ووتی کەس نی یە خوێنی باتێ من ئەچم بوتڵێکی خوێن ئەدەمێ ،تۆ ئاگات لەمان بێت دوایی من دێمەوە تۆ بچۆ تا ئەم کەین و بەینە کرا ١٠ تا ١٥ کەسی حیزبی دیموکرات هاتن و پێویستیان بەئێمە نەما ،بەڵام زۆر بەداخەوە ئەوانیش فریای نەکەوتن پێشمەرگەکە بەدەم هاواری خوا مەرگ خوامەرگ مردوو گیانی لەدەست دا ، کاکی مزەمیدم نەبینیەوە نەمزانی چی بەسەرهات بەزمێکی پێبکەم ،هەرچەندە بەدکتۆرەکەم ووت بەڵام خۆیان کرد بەکەرەی شەربەت.

دوایی ئەوە دوو شەو و سێ ڕۆژ بەیەکەوە بوین و ، باری تەندروستی کاکە دڵشادو خاڵە بەکر باشتر بوو ،هەموو خوا حافیزەمان لەیەکتر کرد دوایی ئەوەش،جار جار کاکە کریمم ئەبینێ جارێکیان لەهەواڵ پرسینی کاک دڵشادا دەستی گرد بەدەمیەوە بردمیە تەنیشتێکەوە لەبەرامبەر مزگەوتی گەورە ،ووتی کاک دڵشاد چووە بۆ شاخ بووە بە پێشمەرگە ،دوایش کە بووە پێشمەرگە ئەوەی ئەم ئەیویست لەشۆڕش بەدڵی ئەم نەبوو، ئەم بیرکردنەوەی جیاواز بوو ،گەرایەوە بۆ ناو شارو /تەسلیم بووەوە /،بەڵام دەزگا ئەمنیەکان و دەسەڵاتی بەعس دەست بەرداری نەبوون زۆر دڕندانە گەشمردەیان کرد لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو،یادی بەخێر ،کەریمیشم نەبینیەوە ،بیستم ووتیان بووەتە دەنگبێژی / مزیع / ی یەکێتی و لە ٣١ ئابدا شۆڕە پیاوەکانی کوردایەتی پارتی دیموکراتی کوردوستان لەگرتنەوەی هەولێردا زمانیان بڕیوەتەوەو لە بینایەکی بەرز فڕێیان داوەتە خوارەوە بێ گۆڕو ناو نیشان بەجێی هێشتین یادیان بەخێر ڕەوانیان شاد /ڕزگارەسوور









# بە سەرکردنەوەی تێکۆشەران

## قەڵەمێک بوە پێشمەرگە

دەنگێک بوە هاوار ، مێژوەیەک دڵخۆش بە نەوەکانی ، جوگرافیایەک پڕ لە هێڵی سور ، لە گوندێکەوە هاوارێک دێتە ناو شۆڕش ، لە سەراوەوە ئازادێک هەنگاو دەنێت و جێ پێکانی پڕ دەبێت لە خوێن ، دەنگێک دەبێتە توێشوی شەهیدان ، لە گوندێکەوە تفەنگێک دەزریکێنێ ، ئازاد سەراوی کە بوە پێشمەرگە خەرمانی کوڕانی کۆمەڵە دەوڵەمەند تر بو ، ئازاد گەڕیدەیەکە و نیشتمانی شەهیدان تەی دەکات ، گەوهەرێکەو خەزێنەی وڵات دەوڵەمەندتر دەکات ، کریستاڵێکە بەسەر تاجی سەری کوردستانەوە ، ئازاد سەراوی مێژویەک تا ئێستاش پرشنگی لێدەبارێ.

زۆرن ئەوانەی خۆنەویستانە بەردەوامن لە هەوڵدان بۆ گەیاندنی مێژوی پڕ سەروەری پێشمەرگە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەمڕو نوسەرو تێکۆشەرو هونەرمەندو میدیاکارو پێشکەش کار .......

کاک ئازاد سەراوی کە هەگبەکەی بە کۆڵی داوەو دێ بەدێ و شار بەشار بە دوای مێژووی پڕ سەروەری پێشمەرگەدا ئەگەڕێ و لە سەر لاپەڕەکانی ژیان ئەینوسێتەوەو ڕزگاری ئەکات فەرمون کورتەیەک لە ژیانی ئەم تێکۆشەرە خەمخۆرەماندونەناسە.

... ئازاد سەراوی کێ یە....

لە دێی سەراوی شارباژێر لە دایک بووە

وەکو زۆربەی خانەوادەکەیان ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی گرتووەو بوە بە پێشمەرگە لە بواری ڕاگەیاندندا کاری کردووە ، ماوەی 20 ساڵ لە دەنگی گەلی کوردستان بێژەرو ئامادەکاری بەرنامەو نووسەری سەرجەم بابەتەکانی بەرنامەکانی بووە، وەکو ووتاری پێشەکی بەرنامەکان بە تایبەت کاروانی سەروەری ، پەخشان و هۆنراوەو پێشەکی بۆنەو بە تایبەت یادە بە سوێ و ئازارەکان

لێپرسراوی بەشی بێژەران و ئەندامی ئەنجوومەنی ئیزگە بووە، جگە لە خوێندنەوەی هەواڵ و ووتاروو بابەتەکانی ڕۆژانەی ئیزگە چەندین بەرنامەی تری پێشکەشکردووە

* بەرنامەی کاروانی سەروەری کە تایبەت بوو بە شەهیدانی شۆڕشی نوێ ، نزیکەی بیست ساڵ ئەو بەرنامەیەی پێشکەشکرد ، زیاتر لە هەزاران شەهیدی یاد کردۆتەوە ، پەخشان و داڕشتنی ژیاننامەی شەهیدەکان هەر خۆی نوسیویەتی و دای ڕشتووە

*بەرنامەی بەیانیت باش وولاتەکەم جگە لە ڕۆژانی هەینی و شەممە هەموو ڕۆژەکانی تری هەفتە پێشکەش دەکرا ، ئەم بەرنامەیە تایبەت بوو بە گیروو گرفتی خەڵک و وەر گرتنەوەی وەڵام و چارەسەر لە داموو دەزگا پەیوەندیدارەکان ، هەردوو خاتوون بەیان محەمەدو ئاشنا دلێر هاوکاری بوون

*بەرنامەی ئاسۆی ڕووناکبیری ، ئەم بەرنامەیە بە دوو هەفتە جارێک پێشکەش دەکرا ، تایبەت بوو بە بابەتە فکری و فەلسەفی و زانستیەکان ، خاوەنی بەرنامەکە مەکتەبی بیروو وشیاری بوو کاک فەرید ئەسەسەرد سەرپەرشتی بەرنامەکەی دەکردو کاک ئازادیش پێشکەشی دەکرد .. زۆر سوودی لە ئەزموونی کاک فەرید بینی بۆیە ساڵی دووەمی بەرنامەکەی دایە دەست کاک ئازاد بەڕێوەی دەبرد.

*بەرنامەی فایلی کەرکووک کە بەرنامەیەکی هەفتانە بوو تایبەت بوو بە دۆخ و دۆزی کەرکووک

*بەرنامەی بەرەو کەرکووک بەرنامەیەکی هەفتانە بوو لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پێشکەش دەکرا لە ماوەی پێنج ساڵدا 120 ئەلقەی پێشکەشکرد.

* ماوەیەک بەرنامەی ڕێبەری پێشمەرگەی پێشکەش دەکرد

* بەرنامەی( ئەمڕۆ لە لاپەڕەکانی سەروەریدا ) کە بەرنامەیەکی ڕۆژانەبوو بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو ، لاپەڕەکانی سەروەری ئازاد خانەقینی ئامادەی دەکردو ئازاد سەراوی پێشکەشی دەکرد ، ئەم بەرنامەیە تایبەت بوو بە چالاکی و نەبەردەکانی شۆڕشی نوێ و جەولە سیاسی و دبلۆماسییەکانی یەکێتی

* ساڵی 1993 نزیک بە ساڵێک بەرنامەی خوێندکارانی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەشکرد

*ماوەیەکیش بەرنامەی مامۆستایانی پێشکەشکرد

ئەوە جگە لە سەدان بەرنامەی تایبەت و هەمەجۆر .. تێکڕا 10000( دەهەزار ) بەرنامەی ڕادیۆیی پێشکەشکرد.

*بەرنامەی بۆ ئەوەی نیشتمان جوانتر بێت گۆشە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی ڕۆژانە بوو ماوەی ساڵێکی خایاند ، هەر ڕۆژەو وتارێکی لە سەر بابەتێک یان دیاردەیەک دەنووسی کە تێکڕا 360 وتار بوو

لە بواری نوسیندا دوانزە کتێبی نووسیوەو ئامادە کردووە .. لەوانە

*هێلانەی هەڵۆکان

*خاکپۆشەکان

*ڕۆژ ژمێری ڕاپەڕین

* وناوەکانی شۆڕش

*دوو بەرگی بەرەو کەرکوک

* ٣١ چاوپێکەوتنی فەرهاد سەنگاوی

* زنجیرە چاوپێکەوتنێک سەبارەت بە کەرکوک لە گەڵ عارف قوربانی

* چاوپێکەوتنێکی درێژ لەگەڵ ستران عەبدوڵلا سەبارەت بە کەرکوک

ئێستا زنجیرەیەک کتێبی لە ژێر چاپدایە کە لە هەشت بەرگ پێکهاتووە و تایبەتە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی 1976 ___1991 نزیک بە 5000 لاپەڕە

ئێستاش لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان بەرنامەیەک بە ناوی ( ڕوانین ) پێشکەش دەکات . کە تایبەتە بە قسەکردن لە سەر هەموو ئەو دەزگاو ناوەندە ڕووناکیری و ئیعلامی و چاپەمەنی و پیشەییانەی لە شاخدا هەبوون

پێویستە ئەوەش بڵێین لە چەند کارێکی هونەریشدا بەشداری کردووە بە تایبەت لە بەشی سێی زنجیرەی گەردەلول کە ڕۆڵی هونەرمەندی گەورە حەمەجەزای بینی

سەربەرزو سەلامەت بن.

**سەرکەوتی جیهاز**

# رۆژ هەڵەبجەیی



رۆژ محەمەد لایق حەسەن لەخێزانێکی ماماوەندیی لە هەڵەبجە هاتووتە دونیاوە ،نازناوی رۆژ هەڵەبجەییە هەر لەشاری هەڵەبجە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە دواجار چۆتە پەیمانگەی مامۆستایان لەشاری سلێمانی ئێستاش مامۆستایە لە شاری سلێمانی، ژیانی ئەدەبی هەر لەمناڵییەوە زەوقێکی خۆرسکی ئەدەبی تێدا هەبووە ، هەر قوتابی سەرەتایی بووە شیعری بەشێوەی عەمودی نووسیوەو نیشانی مامۆستای کوردی داوە.

دواتر ئەم چێژە ئەدەبییە تێیدا پەرەی سەندوو خولیایی خوێندنەوە بووە ، لە قۆناغی ناوەندیی رۆمان و چیرۆك و شیعری زۆربەی شاعیرانی خوێندۆتەوە.

یەکەم شیعری کەبڵاو بووەتەوە لەساڵی(1987) بەشێوەیەکی ئازاد نووسیویەتی، بەداخەوە ساڵی 1988 تووشی دابڕانێك بووە بەهۆی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەو ئاوارەبوونی بۆ وڵاتی ئێران ئەمە وای کرد دوور بێت لەخوێندنەوەو شیعر، دواتر دوای راپەڕین جارێکی تر نزیك بووەتەوە لەشیعر لەسلێمانی ئاشنابووە بە زۆربەی شاعیران وەك(کاك شێرکۆ بێکەس، دڵشاد عەبدوڵا، قوبادی جەلی زادە ، جەمال غەمبار ..هتد) ئەم جارە بەگڕو تینێکی باشەوە رووی کردۆتە نووسینی شیعر لەزۆربەی فێستیڤاڵەکان بەشداری کردووە بەتایبەتی فێستیڤاڵی گەلاوێژ کەساڵانە دەکرێت، لەوفێستیڤاڵەدا توانیویەتی پێنج خەڵات بەدەست بهێنێت لەیەکەم و دووەم دووجار لەفێستیڤاڵی رۆشنبیری سلێمانی یەکەم بووە لەفێستیڤاڵی ژنان کە یەک جار لەسلێمانی کرا توانیویەتی دووەم بێت.

لەفێستیڤاڵی بیرانشار کەلەرۆژهەڵات کرا هەروەها توانیویەتی لەرێزی یەکەمەکان بێت وە شیعری لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاو بۆتەوە وەک ئایندەو هەنارو رامان و کاروان و کوردستانی نوێ و هەولێر ، بەو،هۆیەوە دەیان رێز وسوپاسنامەو رێز لێنان بەدەست هێناوە، وە دەیان جاریش بوەتە لیژنەی شیعری ئازاد و هاوچەرخ، لە فێستیڤاڵەکانی گوڵە عەنبەرو وشارەزوورو وهەڵەبجە و فێستیڤاڵی هایما لەسلێمانی و فێستیڤاڵی روانگە لەسەر ئاستی عێراق کەلەبەغدا کرا .

شاعیر بێجگە لەنووسینی شیعر کۆمەڵێك پەخشانە نامەی هەیە ئامادەیە بۆ چاپ

لەناوەندی نەوەدەکانەوە تا ئێستا حەوت کۆمەڵە شیعری چاپ کراوی هەیە

یێنجیان لەدیوانێکدایە بەناوی دیوانی رۆژ هەڵەبجەیی شەشەمیشیان لەساڵی (2017) بەچاپ گەیاند وەکۆمەڵەیەی حەوتەمیشی دێڕێک دارستان و تاڵێک چۆلەکەیە

هەتا ئێستاش بەردەوامە...وەلەزۆربەی شارو شارۆچکەکان کۆڕی شیعری کردووە ...

بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیر:

1-تارمایی پێی مەراقێک ساڵی2000

2-نەخوڕەی دەرگایەک نەقومێک کەس لە ساڵی 2002

3-تاخەو دائەگیرسێ بنوو ساڵی 2004

4-ئەو موناجاتێکە لەچاوەکان ساڵی 2006

5-پاییزێک بەپاڵتۆی کانوونێکەوە ساڵی 2008

6-نیشتەجێی نیشتمانێکم نەخۆشخانە
ساڵی 2017

7-دێڕێک دارستان و تاڵێک چۆلەکە ساڵی
2021


پڕم لە موسافیر و تۆم فڕێدا
(1)
لەچکەکانم حەوسەڵەیان چوو
کچبوونم لە کراسێکدا ،
بە قاچی شەقامێکەوە درێژ دەڕوا..
(بایەک ) پێم فێربووە ،
کراسم دەنوقێنێ
کچبوونم چاوشارکێ!
(2)
چەند دێڕکم مابوو بگەمە تۆ،
چەند وشەیەك فوو لە باڵیان کرا
چەند پەنجەرەیەك لەمندا نووسین
کۆتا جار عیشق لە،
پێخەفی زمانا پووچگەرا !
(3)
رۆشتن لە پرچەکاندا جادە،
پێڵاوەکان لە هەنسکی پێیەکاندا برین،
ئەم دڵتەنگییە دەڕواتە کوێ؟
لەسەفەری چوارشەمەیەکدا ،
ژنبوونم پڕ لە موسافیر و
تۆم فڕێدا..
(4)
تا چاوەڕوانی خەیاڵدان نەخۆش..
چوومەتە ئاوێنەیەکەوە سارد،
تۆ زستانترین فەرهەنگ،
کە گەرما گەشتە فەنا،
تۆ بوون لەمندا ون !

(5)
ڕژاوەتە من حەوشەی ،
تەقەتەقی کەوشەکانت ،
گسکێك بانگم دەکا ،
گەڵا تا پاییز
دووری تا کەوشەکانت،
گسکێك لە تۆدا مردن !
(6)
دڵەڕاوکێکان چوونەتە پەنجەی نەزۆك،
یەقین چەقیوتە لێژیی
تا ڕکاتی گریان ،
قفڵێك لەنوێژدا واژۆی دەرگا ،
تۆ هێشتا موسافیری لە جانتا !
(7)
لەگەڵ ئەزمونێکدا ڕۆشتم..
دیوار تاهێزی تیابوو ،
چووە لوتکەی هەڵچنین..
تا سواڵی ئومێد ،
گیرفانەکانم گرینۆك،
دابەزین لەژیاندا تا کۆتایی تۆ،
وێستگەی قەفەسێکە جریوەترین..
فڕێدانی تۆ ئەزمونێکە لە منا !
رۆژ هەڵەبجەیی
(1)
لەناو پێکەنینتا زوقم هەیە،
ساردی تۆ کوشتمی،
ڕەوڕەوەی گریانێک !
(2)
لەناو تاریکی کۆڵانێکدا،
مانگ دەگری،
ڕاکشانی تەرمی کچێک !
(3)
مردن خەوی لێدەکەوێ،
ژنێک تنۆک،تنۆک
ژیان دائەکوتێ !!
(4)
لافاوێک بێهۆش دەبێ،
لەڕێگەییا ترویکی
گابەردێک!
(5)
باڵندە پەیکەرە،
لەجادەکانی ئاسماندا،
شەقژنی قەفەسێک!
رۆژ هەڵەبجەیی



دڵم دایە
دەست ئەو کچە
کردی بەمۆم
لەبەردەرگای ماڵەکەیا
دایگیرسان و
وتی ئیتر
ئاسودە بە هەتا تەواو
خامۆش نەبێ
لێرە نارۆم

خالید مەجید فەرەج




# پاتەی قوڕاوی.....

## خالید مەجید فەرەج..

لە ساڵی 1894 کوڕی کابرایەکی پێڵاو درووی چیکی بەناوی تۆماس باتا, لەگەڵ براکەی ئەنتۆنین و خوشکەکەی ئانا, کۆمپانیایەکی پێڵاو دروست کردنیان دامەزران و ناویان لێنا باتا .ئەو کات دە کرێکاریان بەئیشی بەردەوام و موچەی حەفتانە هەبوو، کە لەو زەمانەیا ئەوە شتێکی زۆر ناوازەبووە، ئەڵێن لەساڵی 1895 کۆمپانیاکە توشی قەیرانێکی دارایی سەخت ئەبێ و قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە ئەبێ، بۆیە قەرار ئەیەن کە پێڵاو لە گونیەو پێستە پێکەوە دروست بکەن. ئەو مۆدێلە بە جۆرێک لای خەڵکیی شیرین بوو، کارمەندانی کۆمپانیاکە لە دە کەسەوە بوون بە پەنجاکەس .

لەساڵی 1904 بەدواوە باتا شێوازی دورست کردنی پێڵاوی لە دەستیەوە کرد بە میکانیکی و ئیتر باتا بوو بە پێشەنگی کۆمپانیاکانی پێڵاو دروست کردن بە جوملە لەسەر ئاستی ئەوروپا ، دوای ئەوە بەجۆرێک ئەو کۆمپانیایە و ژمارەی ئەوانەی کە ئیشیان تیا ئەکرد پەرەی سەند ، ئەوە بوو لە بیست و حەوت وڵات، فابریقەی کردەوە و ژمارەی کارمەندانیشی سی هەزار کەسی تێپەراند و ئێستا لە نەوەد وڵاتدا پێشانگای فرۆشتنی ئەو پێڵاوە هەیە.

لە عێراقیش لەساڵی 1932 بەدواوە وەکالەتی پێڵاوی باتا فرۆشتن دانراو سەرنجی ئەو خەڵکەی لەبەر جوانی و پتەویی مۆدێلەکانی وا بەلای خۆیا ڕاکێشابوو، ئەیان وت کاکە فڵان لۆرتە پێلاوی باتە نەبێ لەپێی ناکا .

لە سەردەمی مەلیەکییا، نوری سابیت- ی ڕۆژنامە نوسی بەناو بانگ و خاوەنی ڕۆژنامەی (حبز بوز) لەبەغدا ئەنووسێ، (مەجلیسی نواب جەلسەکانی خۆی لەسەر ڕیتمی پێڵاوی باتا دەست پێئەکا). واتا نایبەکان هەموویان پێاوی باتایان لەپیایە.لەمۆریتانیاش لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا شیعاری (یەک هەنگاو بەبێ باتا نانرێ) بوو!.

ئەوەی من لەبیرم بێ لەشاری سلێمانی لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پێشانگای فرۆشتنی پێڵاوی باتا لە جادەی مەولەوی لەوبەرەبوو کە پشتەکەی حەمامی قشڵەبوو لەوێ مشتەری بەروویەکی خۆش پێشوازی لێ ئەکراو کورسی هەبوو بۆ ئەوەی لەسەری دانیشێ تاپێڵاوەکە تاقی بکاتەوە و ئەگەر چەن جارێک هەڵبژرادنەکانیشی بگۆڕیایە، ئەوکەسەی کە پیڵاوەکانی بۆ ئەهێنای قەت ڕووی گرژ نەئەکرد. کڕین و لە پێ کردنی ئەو پێڵاوە موناسەبەیەکی ئەوەنە شکۆدار بوو، ئەگەر لەبازرەوە بەرەو ماڵەوە بهاتیتایەتەوە قوتوی پێلاوی باتا- ت بەباوشەوە بوایە لەسەری کۆڵانەکەی خۆتان ئەیان وت: بیشارەوە باکەس نەیبینێ نەکو چاوو نفوسمان پیا هەڵبێنن!.

کوردەواری خۆشمان بەپێلاوی لاستیکیان ئەوت، پاتە و بۆ ناو قوڕیش ئەو پێڵاوە لاستیکە لە پێڵاوی چەرم باشتر بەرگەی ئەگرت، و پێش تەڕنەئەبوو .لە ئەدەبیاتی سیاسی شۆڕش وپیشەمەرگایەتیشدا زۆری عەدەدی پاتە دڕین ببوو بە هێمایەک، بۆ درێژی ژیانی پێشمەرگایەتی. بۆ تەوسیش بە بەرانبەر ئەوترا بەقەدەر کیشی بەرێزتان پاتەم لە وشاخ وکێوە لەڕێگەی کوردایەتیا دریوە.



# کەسێتی مامۆستا وکاریگەری لەسەرپەروەردە

ڕەووف محەمەد ئالانی



کەسێتی مامۆستا زۆرگرنگە لەناوپرۆسەی پەروەردەدا، کاردانەوەوکاریگەری لەسەرکەسێتی مناڵ جێدەهێڵێت. توێژینەوە پەروەردەییەکان گرنگییان بە شێوازەکانی کردارورەفتاری کەسی پیشەیی مامۆستا داوە، کە دەبێتەهۆکاری بەهێزبوونی لێهاتووییە پەروەردەییەکان و ئاسوودەیی دەرونی بۆمناڵان.

ئەو کاتەی بەتەواوی مامۆستا بایەخ بە پیشەکەی بدات و خواستی ئەوەی هەبێت، وەک مامۆستا کەسێتی زانستی وپەروەردەیی خۆی بەرجەستەبکات.

مامۆستای سەرکەتوو دەتوانێت گیانی لێبووردەیی وخۆشەویستی وڕێزگرتن وهاوکاری لەناوناخی منالدا بچێنێت، ئەوەش بە مامەڵەیەکی پەروەردەییانەی دروست، لەڕێگەی ئەم جۆرە مامەڵانەوە: (نەرمونیانی، ڕێزگرتن، ئارامگرتن، ڕاهێنانیان لەسەرچۆنێتی هەڵەکردن کەئاساییە وچۆنێتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، هاندان، هاوکاری، خۆشەویستی ئەوانیتر، دوورخستنەوەیان لە دەمارگیری، دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی ودوورکەوتنەوە لەدرۆکردن( .

ئەمانە بەشێکی گرنگن کە مامۆستا لە هەڵسوکەوت وماماڵەی کرداری لەکاتی وانە وتنەوەوئاراستەکردندا ئەتوانێت بەشێوازی ڕاستەوخۆوناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبێت لەسەرمناڵان، ئەمانە مامەڵەوکرداری پەروەردەیین، هەندێ شێوازیتری کاریگەرهەن کە مامۆستا دەتوانێت کەسێتی منالٚ بەهێزبکات، کە زیاترروکەشوڕواڵەتین، کە منالٚ بەبێ ویستی خۆی نیگاکانیان تێکەڵ بە دیمەن و شێوازو جەستەی مامۆستا ئەبێت، بۆیە جلوبەرگ وجەستەی مامۆستا زۆرکاریگەری لەسەرڕەنگدانەوەی ئەرێنی ونەرێنی بۆسەرکەسێی منالٚ هەیە، بۆمامۆستایانی پیاووئافرەت(ژن).

بەپێی کات وسەردەم وگۆڕانکاریەکانی دنیا، پەروەردەوڕۆڵی نەوەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، هەمیشە نەوەی تازە سودیان لەئەزموونی مامۆستاکانیان وەرگرتووەودەبێ مامۆستاکانیان تێپەڕێنن، ( لیۆناردۆ داڤینشی ١٤٥٢-١٥١٩)دەڵێت:( ئەوەی مامۆستاکەی تێنەپەڕێنێ وباشترنەبێت، خوێندکارێکی بێ بەرهەمم و هیچە).

مامۆستا پێویستە زۆربەشێوازی سادەوئاسایی لەگەڵ منالان وخەڵکی مامەڵەبکات، واتە هەڵسوکەوتی خاکەڕایانە بێت، بەوەش قوتابیەکانی وخەڵک خۆشیان دەوێت، خۆشەویستیش هۆکارێکی گرنگە بۆنزیکی وفێربوون.

(ویلیام ئارسەروارد)دەڵێت:(مامۆستای خاکەڕاولێبووردە، باش بۆمان ڕوون دەکاتەوە، بەجوانی وڕێزەوە ڕێی ڕاستمان نیشان دەدات، مامۆستای خۆبەزلزانیش ئەو کەسەیە کە پەراوێزمان دەخات).

بەدەرلە کاریگەری کەسێتی مامۆستا بۆسەرقوتابیان وخوێندکاران، مامۆستایان کاریان ئەوەیە هەمیشە ژینگەیەکی لەباربۆ منالان برەخسێنن تا خۆری سەرکەوتن وهیوا لەکازیوە چاوەڕوانیان بکات،(بیل پارسێلز)وتویەتی:(مامۆستای باش ژینگەیەک دروست دەکات کە ڕێگە بە خوێندکار دەدات سەرکەوتوو بێت).

زۆرجارلەناوکایەی کۆمەڵایەتیدا باس لە کەسێتی ئەومرۆڤانە دەکرێت کەلەناوکۆمەڵگە دیارن وکاریگەریان بەرچاوە، بێ چەندوچوون هەمووان باس لە قۆناغەکانی خوێندن دەکەن ومامۆستاکانیان بە نمونە دەهێننەوە، هەریەکێک لەوانە باس لە شێوازی مامەڵەوبالاوڕێکپۆشی وهێمنی وگفتوگۆی مامۆستاکانیان بەوجۆرەی هاتونەتە بەرچاویان دەیان ناسێنن، ئەوە دەبێتە ناسنامەی مامۆستایان لای قوتابیان وخوێندکاران، کە کەسێتیانەوەرەنگیداوەتەوە.

یەکێک لەخاڵە بەهێزەکانی کەسێتی مامۆستا ئەنجامدانی دادپەروەریە، هەرمامۆستایەک نەیتوانی دادپەروەری لە پیشەکەیدا بەدیبێنێت، پەیامەکەی ئەسپاردەی تاریکی کردووە، وەک(حەسەنی بەسری)ئاماژەی بۆکردووەووتوێتی:(ئەگەرمامۆستا لە ناوقوتابیاندا دادپەروەر نەبێت، وەک لەتاریکیدا بنوسێت وایە).

لایەنێکی تری گەشی کەسێتی مامۆستا گرنگیدانە بەخۆرۆشنبیرکردن وئاگایی بەردەوام لە ڕووی زانست وزانیاری وچۆنێتی گەیاندنی پەیامە پەروەردەییەکەی، بەهۆی فێربوون، دووربکەوێتەوە لە شێوازی کۆنی وانە وتنەوە، کەپێی دەوترا فێرکردن، لەوکاتەدا زەبروزەنگوبەزۆرجێگەی خواست وحەزوویست وئارەزوودەگرێتەوە.

مرۆڤ کاتێ خۆی ڕۆشنبیردەکات ووێڵە بەدوای فێربوونی زیاتر، ئاگایی وهزری فراوان دەبێت، بەمەش دەگات بەهۆشیاری، هیچ شتێکیش هێندەی هۆشیاری سوود بەمرۆڤ ناگەیەنێت، بەتایبەت بۆمامۆستایان، پیرەمێردی نەمرلەسەر هۆشیاری وتوێتی:

قەت بەهێچ ناچێ، خانم وخاتوون
هۆشیاری مرۆڤ، دەکات بەئاڵتوون.

مامۆستای سەرکەوتووخاوەن کەسێتی بەرز، جیاواز لەگەیاندنی پەیامە مرۆڤایەتیەکەی کە فێربوونە، لەڕووی دەروونیشەوە، ئاسوودەیەودڵی بە پیشەکەی زۆر خۆشە.

مامۆستا دەتوانێت بەباشی وجوانی پەیامی فێربوون و شێوازەکانی بیرکردنەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە: بیرکردنەوەی زانستی، بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەناوکەسێتی خوێندکاراندا بگەیانێت.

بەمەش ئایندەی کۆمەڵگە ڕوون وگەش وپڕدیمۆکراسی دەبێت، بەها ونرخ بۆ ژیان دابین دەکرێت، ئازادییەکان فەراهەم دەبن، دەسەلات وکارگێڕی وپایەکانی کۆمەڵگە پتەو دەبن،نیشتمان دەبێتە ژینگەیەکی ژیاری و کامەرانی، سۆزوخۆشەویستی جێ بە ڕق وکینە لەق دەکات و ژیان دەبێتە جوانترین تابلۆی سەرنج ڕاکێش و تێرامان.

وتارەکەم کۆتایی بە وتەیەکی(فیلۆکسین ئە لستێری)دێنم کەدەڵێت: (ئەوە مامۆستاکانمانن کە ڕێگای ژیانێکی ڕاست ودروستمان نیشان دەدەن وجوانیمان پێدەبەخش).









# سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵان

## ڕەزا شوان



(شکسپیر) دەڵێت:"لە جیهاندا سەرینێک نییە، کە لە باوەشی دایک نەرمتربێت".
لە باوەشکردن، ئەو هەستە دەروونییە لای منداڵ دروست دەکات، کە دایکی نزیکترین و خۆشەویسترن کەسە بە لایەوە. پەیوەندییەکی جەستەیی و ڕۆحی قووڵ و بەهێزیش لە نێوانیاندادروست دەبێت. منداڵ بە ئاسانی و دڵفراوانیشەوە لە کەشوهەوایەکی خۆشەویستیدا، زیاتر گوێدێری داوا و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی دایکی دەبێت.
زۆر بە کورتی گرنکترین سوودەکانی لە باوەشکردنی منداڵ لەم خاڵانەدا چڕدەکەینەوە:
١- لە باوەشکردنی بەردەوامی منداڵ لە لایەن دایکییەوە، هەستی دڵنیایی و ڕێز و خۆشەویستییەکی زیاتری پێدەبخشێت. بوارێکی باشیش بۆ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دایک و منداڵدا دەرەخسێنێت. گەر دایک و باوک منداڵەکەیان پشتگوێ بخەن و لە باوەشی نەکەن، مەترسییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە. ئەو منداڵەی لە باوەشی گەرمی دایکی بێبەش بێت، گۆشەگیر دەبێت و بڕوای بە خۆی و بە دەوروبەرەکەی نامێنێت و بە گۆمان و ترسەوە دەژی. دەبێتە منداڵێکی بیرکۆڵ و بە خاوی تێدەگات و فێردەبێت، بە هۆی نەبوونی سۆزی دایکایەتی و باوکایەتی و بە کەمی لە باوەشکردن و بێنازی و بەخۆیانەوە نووساندن تووشی خەمۆکی دەروونی و دڵڕاوکێ و مات و مەلوولی دەبێت.
٢- لە باوەشکردن بۆ ماوەیەکی زۆر، ئاستی ڕێژەی ماددەی (سیرتۆنین) لە لەشدا زیاتر دەکات. بوونی ئەم ماددەیەش، هۆیەکە بۆ هەستکردن بە خۆشی و شادی و بۆ ڕێکخستنی مەزاجی گشتیی منداڵ.
٣- لە باوەشکردن، بۆ دڵ بە سوودە و کۆئەندامی بەرگری لە لەشدا زیاتر بەهێز دەکات لە میانەی پاڵپەستۆیەکی هێواش لەسەر چەند بنکەیەکی وزەی گرنگ لە لەشی منداڵدا.
٤- بە پێی هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی و پراکتیکیی مەیدانی، لە بارەی کارتێکردنی لە باوەشکردن و بەخۆوەنووساندن، هاوسەنگییەک بە (کۆئەندامی دەماری) دەدات.
٥- لە باوەشکردنەوە، منداڵ فێری وەرگرتن و بەخشین دەبێت. بەرانبەر بە ڕێز و لە باوەشکردن و خۆشەویستی، منداڵیش خۆشەویستی خۆی بەو کەسە دەبەخشێت.
٦- لە باوەشکردن، تووڕەیی و گرژی و فشاری دەروونی لە لەشدا ناهێڵێت و یارمەتی خاوبوونەوەی ماسولکەکان دەدات. ئەگەر منداڵەکەت دوچاری دڵتەنگی و پەستی و ئاڵۆزی بووە. لەم ساتەدا لەباوشکردنی پێویستە چونکە، زۆر شت چارەسەر دەکات.
٧- ئەو منداڵەی کە زیاتر لە باوەش دەکرێت.. تەندروستیی باشترە و بەرگری بۆ نەخۆشییەکان بەهێزترە، لەو منداڵەی کە دایکی ڕۆژانە بە کەمی لە باوەشی دەکات و ناز و سۆزێکی کەمتری پێدەبەخشێت. لەوە دەترسێت کە لەسەر لە باوەشکردن رابێت.
٨- لێکۆڵینەوە دەروونییەکانی ئەم دواییە، دەربارەی لە باوەشکردنی منداڵ و دەست هێنان بە سەر و قژیدا و دەست خستنە سەرشانی و ماچکردنی و یاریکردن لەگەڵیدا، لە لایەن دایک و باوکییەوە، ئەوە دەسەلمێنن کە ئاستی ڕێژەی ژیری و زیرەکی منداڵ بەرز دەکاتەوە و تێکڕای گەشەکردنی سروشتی منداڵیش بەرزتر دەکاتەوە.
٩- لە باوشکردن و بەخۆوەنووساندن و دەست لە ملکردنی و بە نەرمی شێلانی و بە نیانی دەستهێنان بە سەر و قژ و ڕوومەتەکانی منداڵ، یارمەتیدەرن بۆ دەردانی ماددەی (ئەندرۆفین) لە لەشیدا. ئەم ماددەیەش گەیەنەرێکی دەمارییە و یارماتیی هێورکردنەوەی تووڕەیی و گرژی و هەڵچوون و، دڵەڕاوکێی دەروونی و کپکردنەوەی ئازار دەدات.
١٠- لە باوەشکردن منداڵ، پەیوەندییەکی گرنگی ئەرێنی بە مۆرکی کەسایەتییەوە هەیە. چونکە بە رادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر بنیاتنانی کەسایەتیدا هەیە و دەبێت.
١١- لە باوەشکردن، هەستی هێز و بڕوابەخۆبوونێکی بێوێنە بە منداڵ دەبەخشێت.
١٢- لە باوەشکردن زمانێکە، بەڵام زمانێکی جیاوازە، هەستەکانی بەزاندووە و بووە بە دەریایەکی بێسنووری سوودی ڕۆحی و دەروونی و جەستەیی و ویژدانی و هۆشی. گەرچی زمانێکی سادەیە، بەڵام واتا و پەیامێکی راست و بەرز و پیرۆز دەگەیەنێت.
لە کۆتاییدا دەڵێین، باوەشی گەرم و نەرمی دایک، بەهەشتێکە و خۆشترین و دڵنیاترین شوێنە بۆ منداڵ. یەکەم قوتابخانەیە کە منداڵ زۆر شت لە مامۆستای ئەم قوتابخانەیەوە فێردەبێت کە دایکی میهرەبانێتی. ئەو چێژ و خۆشییەی کە لەسەر سنگی دایکیدا هەستی پێدەکات، لە هیچ شوێنێکی تردا هەست بەو چێژە ناکات. باوەشی دایک چارەسەرێکی ئاسان و بە خۆڕاییە بۆ چارەسەری زۆربەی نەخۆشی و ناخۆشییەکان.
دایکانی میهرەبان و دڵسۆز و بەسۆز، کەس گومانی لە سۆزداری و لە خۆشەویستی بێسنووری ئێوەی پیرۆزترین گیانەوەری دنیا نییە. تا دەتوانن جگەرگۆشەکانتان لە باوەش بکەن. کە گوزارشتە لە سۆز خۆشەویستیتان بۆیان. ڕەنگدانەوەی ئەم خۆشەویستییەتان لە ئەمڕۆ و لە داهاتوودا، لە منداڵەکانتاندا بەدی دەکەن.
هیچ خەڵات و پاداشتێکیش نییە، کە هاوتای خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی ئێوەی دایکان بێت. هەموومان قەرزار و شەرمەزاری ماندووبوون و شەونوخوونیتانین.





# جوجەڵەکان

## عوسمان دەروێش

## چیرۆک بۆمناڵان



هەموو ڕۆژێک مریشکەکە دەچووە ناو کولانەکەیەوە و هێلکەیەکی دەکرد ، تا نۆ هێلکەی بە پاڵی یەکەوە دانا ، ئینجا لەسەریان خەوت ، مراوییەکیش فێر ببوو لە هەمان کولانەی مریشکەکە هێلکەی دەکرد ، ئەویش کڕکەوت و لەسەر هێلکەکانی خەوت ، مراویەکە و مریشکەکە ئەوەندە لەیەکەوە نزیک بوون هێلکەیەکی مراویەکە کەوتبووە نێو هێلکەکانی مریشکەکەوە ، هێلکەیەکی مریشکەکەش تێکەڵ بە هێلکەکانی مراویەکە ببوون ، کەسیان درکیان بەو گۆڕانکارییە نەکردبوو ، لە دوای سێ هەفتە یەک یەک هێلکەکان تروکان و بوون بە جوجەڵە ، مریشکەکە لە کولانەکەی دەرچوو ، نۆ جوجەڵەی جوانی بەدواوە بوو ، بەڵام یەکێ لە جوجەڵەکانی جوجەڵەی مراوی بوو ، پاشان هێلکەکانی مراویەکەش تروکان و لە کولانەکە دەرچوون ، دایکە مراوی کەوتە ڕێ و بێچووەکانیشی بەدوایەوە بوون ، بەڵام ئەوانیش هەشت جوجەڵەی مراوی و جوجەڵەیەکی مریشک بوون ، بوون بە دوو خێزانی جوان ، مریشکەکە پارێزگاری لە جوجەڵەکانی دەکرد و دەیخستنە ژێر باڵەکانیەوە تا سەرمایان نەبێت ، جارو بارەش دەنوکی لە زەوییەکە ئەدا و کرمۆکەیەک یان دەنکە دانەوێڵەیەکی بەر دەنوک دەدا و بە جوق جوق جوجەڵەکانی بانگ دەکرد ، بەو شێوەیە فێری فێرە خواردنیانی دەکرد .

مراویەکەش جوجەڵەکانی دوای خۆی دەخست و دەیبردن بۆ ڕۆخی چەمەکە ، تا لەوێ سەوزەگیا بخۆن و بچنە نێو ئاوەکەوە ، هەر لەوێ بێچووەکانی فێرە مەلە دەکرد .

ڕۆژێک مریشکەکە و جوجەڵەکانی بەدەم گەڕان بەدوای خواردندا گەیشتنە ڕۆخی چەمەکە ، مریشکەکە مراویەکەو بێچووەکانی بینی لە نێو ئاوەکەدا مەلە دەکەن و تەنها جوجەڵەی مریشکێک لە قەراخ ئاوەکە دۆش داماوە ، ئەو نەیدەتوانی وەکو خوشک و براکانی مەلە بکات ، دەترسا لەوەی ئاوەکە بیخنکێنێت ، چونکە ئەو جیاواز بوو لەوان ، نە قاچەکانی وەکو قاچی ئەوان پان بوو ، نە سینگ و سکی وەکو سینگ و سکی ئەوان تەخت و پان بوو ، ئەوان بەهۆی پێی پان و ژێر سکی تەختەوە دەیانتوانی بەجوانی لەناو ئاوەکەدا مەلەبکەن و سەرئاوەکە بکەون .

مریشکەکە چوو بۆ لای و پرسیاری لێکرد .. ئەی تۆ بۆچی مەلە ناکەیت ؟-

ـ جوجەڵەکە دەستی بە گریان کرد و وتی .. من دەترسێم بخنکێم .

تا ئەوان گفتوگۆیان کرد تەنها جوجەڵە مراویەکەی نێو جوجەڵەکان خۆی گەیاندە نێو ئاوەکە و دەستی بە مەلەوان کرد ، بانگی لە خوشک و براکانی کرد .. تا ئەوانیش بچنە نێو ئاوەکەوە ومەلە بکەن ، بەڵام مریشکەکە ڕایگرتن و ئامۆژگاری کردن کە نەچن ،چونکە ئەواننناتوانن وەکو مراویەکان مەلەبکەن ، ئینجا مریشکەکە بانگی مراویەکەی کرد و مراویەکە لە ئاوەکە دەرچوو ، هەموو جوجەڵەکانیان لە دەوریان کۆبوونەوە .

مریشکەکە بە مراویەکەی وت .. دەزانی ئێمە هەڵەیەکمان کردووە ، مراویەکە تێنەگەیشت ، پرسی .. هەڵەی چی ؟

مریشکەکە پێی وت .. ئەو جوجەڵەتەنهایە جوجەڵەی منە و تێکەڵ بە ئێوە بووە .ئەو جوجەڵە مراویەش هی تۆیە و بەهەڵە تێکەڵی هێلکەکانی ئێمە بووە ، ئێستا پێویستە بیانگۆڕینەوە و هەر یەکە و بە جیاجوجەڵەی خۆی پەروەردە بکات ، ئەو دو جوجەڵەیەش لەو خەمەیان ڕزگار دەبن و تێکەڵ بە خوشک و برا ڕاستەقینەکانیان دەبن .

هەر لەسەر سەوزەگیاکە پێکهاتن و جوجەڵەکان گەڕانەوە بۆ لای خێزانی ڕاستەقینەی خۆیان و هەموویان دەستیان لە ملی یەک کرد ، بەخۆشیەوە بەرەو ماڵ گەڕانەوە .

# گۆرانی ژینگە


## ڕۆستەم خامۆش



چاوەڕێبن ئێستا دێم
گۆرانیتان بۆ دەڵێم
گۆرانی من ئەمجارە
باسی گوڵ و گوڵزارە
باسی ژینگەی نیشتمان
پەیامێکە بۆ هەموان
وەرن وەرن منداڵان
هۆ هۆ دۆست و هەڤاڵان
ئێوەش گۆرانی بچڕن
هەستی خۆشی دەرببڕن
پەیامی ژینگەدۆستی
بە جوانی و خۆشەویستی
بە گیان و زاری ڕەوان
دەدەین بە گوێی هەر هەموان

# شیر

## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی



بەیانیان لەدوای وەرزش
زۆر پێویستە ڕۆژانە
کوپێک شیر دەخۆمەوە
شیر ڤیتامینی گیانە
چونکە شیر دەخۆمەوە
خاوەن ڕوخساری گەشم
من دەمەوێ بەهێزبم
پتەوبن ئێسکی لەشم.
شیری پڕلەڤیتامین
پڕلەکانزاو پڕۆتین
زۆر پێویستە نۆشیکەین
بۆ ئەوەی تەندروستبین
ئێوەش ئەی هاوڕێکانم
دڵخۆشبن لەم ژیانە
تا چالاک و لەشساغبن
شیر نۆشبکەن ڕۆژانە.

# گۆڕانکاریی پەروەردەیی

## جیهاد حەمە کەریم



بۆ گۆڕانکاری لە پەروەردەیەکی کۆنەباوەوە(کلاسیکیی) بۆ پەروەردەیەکی سەردەمیانە(مۆدێرن و دیموکراتییانە)، دەبێت ئەم هەنگاوانە بنرێت:

١. ئینتراکسیۆنی کۆمەڵایەتیی لە نێوان خێزانەکان، باخچەی مندالان، فێرگەکان، بەتایبەتی بازنەی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتیی بوونیاد بنرێت. "ئینتراکسیۆنی کۆمەڵایەتی" واتا پێکەوە کارکردن، پێکەوە فێربوون، پێکەوەبوون و پێکەوە گفتوگۆکردن.

٢. بە ڕاشکاوانە، قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە و دیالۆگ کردن لەسەر کێشەکان. هەر جۆرە کێشەیەک بێت کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کێشە کەسییەکانیش.

٣. دیالۆگکردن، وەک یەکێک لە ئامرازە کولتوورییە باڵاکان. دیالۆگ، دیالۆگ، دیالۆگ، دیسان دیالۆگ. دیالۆگکردن دڕدانە بە شەوەزەنگی بێدەنگیی. کە دیالۆگ هەبوو، ڕەخنەگرتنیش دێتە ئاراوە، پرسیارکردن دروست دەبێت، کە پرسیاریش دروستبوو، گومانکردن دروست دەبێت. ئاخر بۆیە ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا بە پاوڵۆ فرێری دەڵێت، دواکەوتوویی ئێمەی بەرازیلیی لە گوماننەکردنمانەوە سەرچاوەی گرتووە.

٤. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، وەک ئامرازێکی تری کولتووره باڵاکان دەبێت بێتە ئاراوە، لە ناو فێرگە و دەرەوەی فێرگەدا.

٥. ئازادبوون لە کولتوور و عەقڵێتە کۆنەباوەکان، لە پەروەردەی کۆنەباو، لە "نەبوون"، ئێمە لە کوردستاندا "بوونمان نییە. ئەوەی چەوسێنەرانیش هەیانە ئەوە بوونێکی ساختەیە، بۆیە هەڵەیە داوای بوونە ساختەیەی ئەوان بکرێت.

بیرکردنەوە، وەک ئامرازێکی کولتووریی باڵا. ئێمە بیردەکەینەوە، بەڵام زۆرجار بیرکردنەوەکانمان هەڕەمەکییانەیە. پێویستە سەربەخۆییانە بیربکەینەوە و، ڕێگە بەکەس نەدەین بیرمان بۆ بکاتەوە.

٦. بیرکردنەوە و شیکاریی زانستییانە بۆ هەر دیاردە و کێشەیەک. هەتا دوورنەکەوینەوە لە ئەفسانەو بیری کۆنەباو و نازانستییانە ناتوانین یەک هەنگاو بەرەو پێشەو بچین و بچینە ناو مێژووەوە و هاوئاهەنگ بین لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوودا.

٧.داننان بەوەی شوناسی مرۆییبوون(ئینسان)یی لەسەروو هەموو شوناسێکەوەیە.


٨. پارستنی و جێبەجێکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و گەردوونییەکان، وەک بەهاکانی مافی مرۆڤ و ئازادی و سەروەری یاسا.

تکایە واز لە قیرەقیر بهێنن بە ناوی پەروەردەوە. پەروەردەی مۆدێرن و دیموکراتیی، ئەو پەروەردەیەیە کە مرۆڤبوون لە مرۆڤەکاندا دروست دەکات و هەر تاکێک چ باوڕێکی ئاینیی هەبێت خۆی و باوڕەکەی پارێزراو دەبێت.

ئەم پەروەردەیە بە گۆڕینی ئامرازە کولتوورییە باڵاکان دەست پێدەکات و بە چاندنی مرۆڤبوون و خۆشەویستیی و شکۆمەندیی بەردەوام دەبێت. کۆتایی نایەت. چونکە ژیان بەردەوامە، تا ژیانیش بەردەوام بێت، پەروەردەش بەردەوام دەبێت.

# فەرامۆش کردنی ئەدەبیاتی مندالان کارەساتە

## نوسینی ... سەردارقادر



بەداخەوە لەکوردوستانی باشوردا نوسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان بەوهەمووشەونخونی وماندووبونەوە کەخۆیان تەرخان کردوە بۆخزمەت کردنی ئەدەبی مناڵان ، دەتوانم بڵێم لای ئێمەوەك پێویست ئاوڕییان لێ نەدراوەتەوە،ڕەنگە تاکە هۆکاریش ئەوەبوبێت ئەم ئەرکە سەخت وگرانەهێشتا لەسەرشانی نوسەران و شاعیران سووک نەکرابێت ، لەلایەن کەسانی تایبەتنمەندەوە بێ، یاخودهەرلەسەرەتاوەبەئەدەبێکی بچوك وسادە وبێ بایەخ سەیریان کردبێ ،چونکە دیارە شاعیرانی گەورەی کورد لەڕابردودا بەپێی پێویست نەئاوڕیان لێ داتەوە و نەخۆیان بۆتەرخان کردوە ، کەچی بەپێچەوانەوە لەئەوروپاو لەناوگەلانی تردا نوسەرانی گەورەو بەتوانا وزەو تواناى خۆیانیان بۆتەرخان کردووەوتائەو ڕەوتەیان بەرەوپێشەوە بردوە ، وەك سیلما لاگرلۆڤ ،وهانس کریستین ،کەبەباوکی ئەدەبی منداڵان ناوبانگی دەرکردوە، بەڵام لای ئێمە هەتائەم دوایەش ئەدەبی مناڵان هەرهەمان سەنگی پێشووی جارانی وەك خۆی هەبووە،ئەگەرچی لەم ساڵانەی دوایەدا بەهۆی دەرکەوتنی هەندێ کەسی بەتواناوتایبەتمەندەوە کەدڵسۆزانە ژیانی خۆیانیان بۆتەرخان کردوە تاحەدێك وەرچەرخانێکی باشی بەخۆوە دیوە، ،وەك ووتم ئەگەر نووسەران و شاعیرانی نێوئەم ئەدەبەی ئێمە لە ڕابردوودابەجدی ئاوڕێکیان لەم بوارە بدایەتەوە ، یاخودگرنگیی وبایەخیان پێ بدایە ڕەنگەئەمڕۆ پێگەیێکی باشترو بەهێزترمان هەبووایە، بۆنمونە ئەگەرکەسانی وەك ئەحمەدی خانی ،و مامۆستا فەریدون علی ئەمین،و ، ،وع،ع،شەونم ،کاکەی فەلاح، ولەتیف هەڵمەت ، بەشێوەیەکی پیشەیی و ئەکادیمیانە کاریان بۆمنداڵ بکردایە و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوایە ، ئەوابێ شك ئەو ئەرکە قورس و گرانە نەدەکەوتە سەرشانی چەند کەسێکی وەك مامۆستائەمین محمەد،و ڕەزاشوان ،و عوسمان هەورامی ،بەڕاستی دەتوانم بڵێم ئەمین محمد لەئاسمانە وە هات و یەك یە ك بتە چەقبەستوەکانی ناوئەم ئەدەبەی تێك شکان ،تەنانەت مێژووی ئەدەبی منداڵانیشی ڕاست کردەوە خستیە سەر ڕێڕەوە ڕاستەکە، ئەگەربەوردی چاوێک بخشێنین بە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی ئەوکاتەدا لەمەڕ لێکدانەوە و ڕەنگڕێژکردنی ئەدەبیاتی منداڵان لە کوردوستانی باشوردابەدرێژایی سەدەیەك تەنانەت لەهیچ کتێب و یان لە هیچ وتاروگۆڤارێکدا نوسینێکی شیکارییانەی ئەوتۆ نادۆزینەوەوەك شیکاریە جوانەکانی ئەمین محمد ونوسینە جوانەکانی مامۆستا ڕەزا شوان

لەکۆتایدادەڵێم خۆزگە شاعیرانی وەك شێرکۆبێکەس ژەنراڵی پایزو ڕەفیق سابیر، گۆران ئاسا ئاوڕێکیان لەوبوارەبدایەتەوە ئێستا ئەدەبی منداڵانی ئێمەش بێ شك لەئاستێکی تردادەبوونەك ئەدەبێکی هەژارو مێژوویەکی بێ هێزو ئیفلیج .










# گرنگی خوێندنەوەی ڕۆمان

## تەها عومەر



ڕۆمان یەکێکە لە ژانرە گرنگ و سەرەکیەکانی ئەدەب ، تا ڕۆمان نەخوێنیتەوە ، لەجوانی وئەفسوونی ئەدەب تێناگەیت ، ڕۆمان فێری جیهانبینیەکی نوێت دەکاو لەگەڵ خوێندنەوەی هەررۆمانێکدا جگە لەوەی چێژێکی ئەدەبیت پێ دەبەخشێت ڕوانینێکی تازەت بۆ ژیان دەبێ وبەچاوێکی ڕوونترو عەقڵێکی کراوەتر بۆدەوروپشت و ژیان وجیهان دەڕوانیت .

جیاوازیی ڕۆمان لەگەڵ چیرۆکدا لەوەدایە ڕۆمان نەفەسی درێژترەو لەفەزایەکی کراوەترو فراوانترو زەمەنێکی درێژتردا ڕوودەداو مەودای شوێنگۆڕکێی زۆرترەو ڕووداوەکان و کاراکتەرەکانیشی زیاترن .

زۆرجار ڕۆمان مێژوویەکمان بۆ دەگێڕێتەوە بەڵام بەزمانێکی جیاواز ، نووسەر وەک مێژوو نووس مێژوویەکی وشک وبرنگمان بۆ باس ناکات بەڵکو ئاوێتەی خەیاڵ و فەنتازیاو فکرو جیهانبینیی خۆی دەکا و مێژوومان وەک خۆی بۆ ناگێڕێتەوە .

چیرۆک و ڕۆمان خۆیان لەزانستیش داوە و زۆرجار بەخەیاڵی زانستی بیریان لەداهاتوو کردۆتەوەو دواتر خەیاڵەکە بۆتە ڕاستی و زۆرلەداهێنانە زانستیەکانی دنیای تەکنۆلۆجیا سوودیان لەو چیرۆک و ڕۆمانانە وەرگرتووە .

ڕۆمان بەرچاومان بۆ بینینی ژیان ڕووناکتر ئەکاتەوە چونکە لە ڕێی ناسینی جۆرەها کاراکتەری باش و خراپەوە ئاشنای جۆرەها کەسایەتیمان دەکاو نووسەر زیرەکانە و وەک شارەزایەکی دەروونی ناو ناخ و دەروونی پاڵەوانەکانی ناوڕۆمانەکەیمان بۆ شیدەکاتەوەو هەستی چاکەخوازی یان خراپەکارییان دەردەخات .

لەڕێی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە ئاشنای زۆر شوێن دەبین کە پێشتر نەماندیوە ، زۆرکەسایەتی دەناسین کەپێشتر نەماننناسیون ، زۆرکارەسات وڕووداوی مێژوویی کە پێشتر وا پێیان ئاشنا نەبووین ، باس لەوێرانکاریەکانی جەنگ و پەیوەندیی خۆشەویستی و نهێنیەکانی عەشق و پاڵەوانی دۆڕاوو شکست خواردوو سەرکەوتووشمان بۆدەکات .

گەر ڕۆمانی (الحرب والسلام) ی تۆڵستۆی و (وداعا للسلاح) و (لمن تقرع الاجراس) ی هەمەنگوای و (الساعه الخامسه والعشرون) ی کۆنستانتین گیۆرگیۆ و (العقب الحدیدیه) ی جاک لەندەن نەبوایە لەکوێ بەو شێوەیە ئاشنای ئەوماڵوێرانیەی جەنگەکان ئەبووین .


نەجیب مەحفوز لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا باس لە کوچەوکۆڵان و شەقام و گەڕەکەکانی میسرمان بۆ دەکات بەشێوەیەک وێنەیان دەکێشێت وەک خۆمان لەوێ بین ، ڕۆمانی (خان الخلیلی) و ڕۆمانە سێ بەشیەکەی (بین القصرین) و(قصرالشوق) و(السکریه) و (زقاق المدق) باشترین نموونەن .

گابریل گارسیامارکیز لەڕۆمانی (الحب فی زمن الکولیرا) دا چیرۆکی جوانترین عەقشمان بۆدەگێڕێتەوە کەدوای چەندین ساڵ جارێکی تر سەرهەڵئەداتەوەوزیندوو ئەبێتەوە .

گۆستاف فلۆبێر لەڕۆمانی(مدام بوفاری) دا باس لە هەوەسبازیەکانی ئافرەتێکی شەهوانی دەکات .

دۆستۆیفسکی لەڕۆمانی (الجریمه والعقاب) دا حاڵەتی دەروونی و هەست بەتاوانی کەسێکمان بە دووردرێژی و وەک پزیشکێکی دەروونی بۆ دەگێڕێتەوە کەچۆن ویژدانی ئازاری دەدات دوای ئەوەی کەسێکی کوشتووەو دواتر بەپێی خۆی دەچێت خۆی ڕادەستی پۆلیس و یاسا دەکات .

کەواتە خوێندنەوەی ڕۆمان گەلێک گرنگەو جگە لەوهەموو چێژەی پێمان ئەبەخشێت شتگەلێکی زۆریشی لێوە فێردەبین .








# "تورکیاو ئێران سەرقاڵی لەناوبردنی حوکمی کوردن"

## سایتی ئاوێنە

فابریس بلانشێ، شارەزای فەرەنسی دەڵێت، گەلی کورد ئێستا لە کەرکوکەوە بۆ دێرەزور ڕووبەڕوی مەترسی لەدەستدانی خۆبەڕێوبەری و سەربەخۆیی بۆتەوە بەهۆی هەستانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی.

بلانشێ کە پرۆفیسۆرە لە زانکۆی لیۆن 2ی فەرەنسی و توێژەرە لە ئینستتوی واشنتن بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند، "داهاتوی کورد زۆر ڕەشبینانەیە چونکە ئەوەی من دەیبینم بریتییە لەوەی کە دوبارە گەڕانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی، ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کورد لەناودەبات، چونکە ئەو دو هێزە حکومەتی کوردییان ناوێت بەهۆی هەبونی کورد لە ئێران و تورکیا و نایانەوێت حوکمی کورد لە سوریا و عێراق هیوا بدات بە هاوڵاتییە کوردەکانیان."

بلانشێ پێیوایە ئەوەی دەستی ئێران و تورکیای واڵاتر کردوە بریتییە لە لاوازبونی هەژمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەو دەڵێت "ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیبینن بریتییە لەوەی ڕۆژئاوا لاوازە. پێموانییە ئەمریکا بیەوێت وەبەرهێنان لە سوریا و عێراق بکاتەوە. بۆچونی من ئەوەیە کە بۆ ئەمریکا ئەم بابەتە بەرامبەر میحوەری ئێران لەدەستچوە. بەداخەوە کورد لە شەڕی دژ بە داعشدا ئیتر سودی نەماوە و ڕۆژئاوا نایەوێت جارێکی تر پشتگیری بکات، هەر بۆیە دەبینیت تورکیا و ئێران ئەم لاوازییە بەکاردەهێنن بۆ لەناوبردنی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کورد."

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئێستادا کورد بەگشتی لە ناوچەکەدا ڕووبەڕوی چەندین ئاڵنگاری بۆتەوە.

حزبەکانی کوردستانی ئێران لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی نێودەوڵەتیدان بۆ چەکدانان و گواستنەوەیان بۆ ناوچەیەکی وەکو موسڵ، لە تورکیاش چاوەڕوان دەکرێت پارتی هەدەپە دابخرێت.

لە هەرێمی کوردستانیش حکومەت چاوی لە دەستی بەغدایە بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی بەهۆی ئەوەی لە مانگی سێ وە هەناردەی نەوتەکەی لە لایەن تورکیا وەستێندراوە.

لە کاتێکدا چارەنوسی کێشەی ئابوری هەرێم نادیارە، لە ناوچە جێناکۆکەکانیش چارەنوسی کورد نادیارە بە تایبەت بەهۆی توندوتیژییەکانی سەرەتای ئەم مانگەی کەرکوک کە گیانلەدەستدانی چوار خۆپیشاندەری کوردیان لێکەوتەوە.

هەر زو دوای ڕوداوەکان، سەرۆکی تورکیا و وەزیری دەرەوە ئەو بانگەشەیەی وڵاتەکەیان دوپاتکردەوە کە "کەرکوک شارێکی تورکمانییە."


هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی کەرکوک، لە دێرەزوریش شەڕوپێکدادان لە نیوان هێزەکانی سوریای دیموکرات و خێڵە عەرەبییەکان بۆ ڕۆژی شەشەم بەردەوامبو کە بوە هۆی کوژرانی دەیان کەس لە شەرکەرانی خێڵەکانی ناوچەکە و هەسەدە، ئەمە جگە لەوەی کە تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکانی بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر باکوری تەل تەمر.

بە بڕوای پرۆفیسۆر فابریس بلانشێ، ڕوداوەکانی دێرەزور و کەرکوک لە یەک کاتدا بە ڕێکەوت نەبوە، بەڵکو دەکرێت خوێندنەوەیەکی هاوبەشیان بۆ بکرێت بە تایبەت لەبەر ئەوەی هەردو ناوچەکە دەوڵەمەندن بە نەوت.

فابریش بلانشێ ڕایگەیاند، "هەردو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و فارسی کار بۆ ناسەقامگیرکردنی هەرێمە کوردییەکان لە سوریا و عێراق دەکەن بە بەکارهێنانی ڕێگەی جۆراوجۆری وەکو گەمارۆی ئابوری، گرتنەوەی ئاو، بۆردومانی بەردەوام، پشتیوانی لە گروپە یاخیبوەکان، و هەڕەشەی هێرشی بەردەوام. ئەم تاکتیکانە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کەشێکی ناسەقامگیر دروستبکەن کە کوشندەیە بۆ بارودۆخی ئابوری. ئامانج لێی دورخستنەوەی هێزە چالاکەکانی هاوپەیمانانە، تا لەم ڕێگەیەوە دوبەرەکی سیاسی و هاندانی ڕاپەڕین بەڕێوە ببەن و دواتر بە ئاسانی گورزی یەکلاکەرەوە لەدژیان بوەشێنن."

پرۆفیسۆر فابریس بلانشێ ڕەخنەی لە پەیوەندی ناوخۆییەکانی کورد گرت و یەکگرتویی بە پێویست زانی بۆ بەرەنگاربونەوەی مەترسییەکان.

فابریس بلانشێ وتی، "لە سوریا، دایەلۆگی هێزە کوردییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ئێستا بوەتە نوکتە. لە هەرێمی کوردستانیش، هێزەکان پەرتەوازەن و نەوەی نوێ بیروهۆشیان چوەتە سەر مۆبایل و سەیارە و خەریکە هەستی شوڕشگێڕی باپیرانیان بیردەچێتەوە کە پێویستە هەبێت بۆ مانەوە لە ژینگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست."


ئاڵای کورد
عبدالرحمن تادگوزی
١٣/ ١٢/ ٢٠١٩

لەنێو دڵمان هەڵکراوە ئاڵای کورد
لەسەر سەرمان دامانناوە ئاڵای کورد

هێمای بوون و پێناسی کورد بوونمانە
تانەوێ خوێنمان بۆ داوە ئاڵای کورد

شەکانەوەی شنەی ڕۆحی کورد بوونە
مژدەی پرشنگی هەتاوە ئاڵای کورد

وزەی مان و تەزووی کار و خەباتە
هێمای چاو، چرای هەتاوە ئاڵای کورد

هەر کوردین و کوردستانین تا ئەبەد
شکۆی کوردە تا کورد ماوە ئاڵای کورد

لە ئاسۆوە بەخشە پرشنگی خۆری
بەڵێ، شوێنی دڵ و چاوە ئاڵای کورد

لەسەر لوتکەی ئومێدە دایناگرین
بۆ کورد ئەم ئاڵا شیاوە ئاڵای کورد.

***


# شیعر لەرۆحم دەردەکەم



ستار ئەحمەد

قەڵەمەکەم دەگرمە خۆم
وشەکانی لەبەرگی نەبەردی دەدرووم
لاپەڕەکان بۆ سڕینەوە جێدەهێڵم
ناونیشانێك لەبەخشندەیی
بابەتێك بۆ سەربەستی
دەدەم لە تەوێڵی دەرگاکەتان
کراوەبێ وەکوو نیگات
بڵند بە شێوەی گردەمەند
بزێو بێت چوون دڵی ئێمە
پیتەکان لەبناری ویژدانا دەنوێنم
خەون بۆ ماچ و
چەك بۆ قەڵەمێك دەشکێنم
بەناخی بەفرا رۆدەچم
شوێنپێت دەخەمە رستەوە
زوڵفت دەکەم بەفاریزە
هەناسەم بەخوێنم رەنگ دەکەم
تابلۆیەك لەگەڵ دەکێشم
ئاشتی ئاڵاو
دەروون پایتەختی جوانی بێت
پێستم لەجەستەم دادەماڵێنم
شیعر لەرۆحم دەردەکەم
جڵەوی وشە بەردەدەم
پەرچەمی ئاو رادەکێشم
بەرەو دورگەی ڕووناکی و گوڵ
قەڵەمەکەم لەخوێنم وەردەدەم
هەڵوێست دەدەمە ناونیشان
پەنجەکانم بەقژت هەڵدەواسم
بۆ ئەوەی پەیوەستەکان
بمکەن بەتۆ
لەنێو رۆژا
مەمکی ئەستێرەکان بمژم
تۆ بڵێی بەمووژەی خامە
نەخشەی هەناوت بکێشم
ناخی قەڵەمیش بپێوم
یاخود لەجێی وشەو راستی
هەنگاوم بە گوڵلە دەسپێرن
مین لەژێر پێم دەنێنەوە
دەترسم خاك
لە تابلۆی ڕەنگا کوێر بێت و
لەم نیشتمانەدا
جێگای من و تۆ نەبێتەوە

# پەروەردەی خێزان کەشتییەوانی مرۆڤە



چنار عەزیز

پەروەردەی خێزان لە سەرەتای ژیانەوە دەست پێدەکات، کەواتە لە ژیاندا هاوڕێی تەمەن پەروەردەیە. پەروەردەی خێزان کەشتییەوانی مرۆڤە بە درێژایی ژیان. لەبەرئەوە پەروەردە بۆ هەموو کەسێک بەنرخە. چونکە بنیاتنەری کەسێکی خاوەن کەسایەتی و مرۆڤدۆستە. کەواتە پەروەردە ئەو بنەما ژیانەیە کە بۆ هەموو کەسێک بەسوودە. بۆچی؟ لەبەرئەوە بۆ هەموو کەسێک بەسوودە چونکە لە ژیاندا هیچ کەسێک لە ئێمە کەسایەتییەکی بەهێز و ئیرادەمان نییە، بەڵکو دایک و باوک بەو پەروەردەیەی کە هەیانە پێشکەشی دەکەن و دەبین بە کەسێکی خاوەن ئیرادە و بەهێز. بەڵام بێگومان پەروەردەیەکی یەکسان لەنێو ئەندامانی خێزان، چونکە نادادپەروەری لە هەر پەروەردەیەکدا بێت، ڕق و کینە دەڕوێنێت، ڕق و کینەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی مەبەست و ئومێدی هاوبەش لەنێوان ئەندامانی خێزاندا. چونکە جیاوازی لەنێوان دوو کەسدا پەیدا دەکات. ئەگەر ئەو نادادپەروەرییەش بەهێزتر بێت لە پەروەردەی خێزان بێگومان دەبێتە هۆی تێکشکاندنی یەکسانی خێزانێک، چونکە لەوێوە جیاوازییەکان سەرهەڵدەدات. کە کاریگەری دەبێت لەسەر سەرکەوتنی ئەندامانی خێزان. پەروەردە خۆی چاکەیە و دەبێت پێشوازی لێبکەین، چونکە ئاکامێکی چاکی هەیە ئەویش بریتییە لە چاندنی هێزی خۆشەویستی و ڕێز و مرۆڤدۆستی لەناخی تاکدا. کەواتە پەروەردە پڕ و تەواوە دێت ناتەواوییەکانی تاک پڕبکاتەوە. وەک باشترین کەشتییەوان، باشترین دادوەر هەوڵی ڕاستکردنەوە و باشترکردنی کەمووکورتییەکانی تاک و کۆمەڵگە دەدات.

# ساڵی تازەی خوێندن

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی



ساڵی تازەی خوێندنە
خۆشترین ڕۆژی منە
بۆ پۆلێکی نوێ دەچم
دڵ پڕ هیوای مەزنە
...
خاوەنی خولیا و بەهرەم
بۆ پێشوازی ئامادەم
ئەمساڵیش وەکو ساڵان
سەرکەوتن تۆمار دەکەم
...
بۆیە هەرلە ئێستاوە
بەڵێنم بە خۆم داوە
بەبەرنامە کار بکەم
بەگشت هێز و تواناوە



پاکوخاوێنی ژینگە

پاکوخاوێنی ژینگە لای هەموومان گرنگە
کارێکە پڕ پیرۆزی هێمایە بۆ دڵسۆزی
دەبێت هەموو بەشداربین چالاك و دەست بەکاربین
هەتا ژینگەمان پاك بێ دوور لە خۆڵ و خاشاك بێ
هەر کەسە و لە ئاستی خۆی بەرپرسێکی باش بێ بۆی
لە ژینگەی خاوێن و جوان لەش ساغ دەژین هەمووومان

شاعیر ناوی(عەلی حەمە ڕەشید)ە لە ساڵی (١٩٦١)ز لە شارۆچکەی بەرزەنجە لەدایکبووە، خاوەنی گەلێك بەرهەمی ئەدەبی منداڵانە.


٣١

## ئەمین محەمەد



نوستن.
ناسک،ناسک
وەک بێچوی سمۆرە وئاسک
شیرین،شیرین
هەروەک تامی شیلەی هەنگوین
بێدەنگ،بێدەنگ
ئەندام وردیلەی جوان وشەنگ
بچوک،بچوک
ڕومەت نەرمۆڵەوئێسکسوک
ڕەنگین،ڕەنگین
لەباوەشی دایەی سەنگین
هێمن،هێمن
لەمانگ وئەستێرەدەچن
جێگایان بۆڕاخستووە
بەبە لەنێویانوستووە.

## سۆزی دایک.....هاژەبەرزنجی



بەرخەنەرمونۆڵەکانم
ئەی هێزی دڵ وگیانم
نامەڕۆن بۆکوێ دەچن؟
شیربخۆن برسی نابن
نانا دایەگیان دەڕۆین
لەوکێوانەگیادەخۆین
ئێوەئێستاکەساوان
کەگەورەبون بەچاوان
گورگ ورێوی لەکێوان
بۆ ئێوە لەپارێزدان
وەرنەباوەشی دایە
شیری گەرمم لەلایە
دایەگیان ئێمەدەڕۆین
لەدەشت ودەو تێردەخۆین
ئێوەبۆلێم یاخی بوون
بڕۆن کاتێ گەورەبون
گیانەکەم لێم تێبگەن
هێندەئازارم مەدەن
دوورلەچەقەڵ و واشە
شیربۆئێوە زۆرباشە.

## پێشکەشە بە مناڵانی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە
## مندال و چرای خاک

شیعری:
ڕەحیم پشدەری



منداڵێکی چالاکم
خولیای قوتابخانە و خاکم
هەرگیز درۆ نازانم
ڕاستیە ڕێگای ژیانم
مامۆستاو قوتابخانە
بۆ من ماڵ و ژیانە
ڕێزی مامۆستا ئەگرم
ڕێنمایی لێوەرئەگرم
کۆشش ئەکەم پڕ بەدڵ
تا بگەشێمەوە وەک گوڵ
بۆخزمەت وڵاتی خۆم
بەرەو خوێندنگا دەڕۆم
لەگەڵ قوتابی وەک برا
بۆ خاک ئەبین بە چرا

## دڵ
## کاروان عەلی



دڵ ئەنـدامـێـکـی لـەشـە
هـەمـیـشـە تـەڕ و گـەشـە
نـانـوێ کـاری خـودایـە
هـەمـیـشـە لـە کـاردایـە
خوێن دەنێرێ بۆ جەستە
بۆ جـەستـە زۆر پـێـویـستـە
هـێـنـدەی مـشـتـی خـۆمـانـە
کـاری جـوان و گـرانـە
دڵ هـۆی ژیـن و بوونمانـە
هـۆکـاری جـوانـی ژیـانـە.



## بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان
## وەلید سیتی

- 1954لەدهۆك لەدایكبووە.
- 1976پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی بەغدای تەواوكردووە.
-1982ئەكادیمیای هونەرەجوانەكانی لۆبیانا-سلۆڤینیای و بڕوانامەی (MA-BA) لە گرافیكدا بەدەستهێناوە.
-1984وە لە لەندەن دەژی.


هەڵبژاردەیەك لە بیشانگەكانی:

-2009 گەلەری X.V.Aلە دوبەی.
-2009 بینالییەی ڤینیسیا خولی پەنجاو سێیەمین.
-2009 مۆزەخانەی لەندەن.
-2008 دەزگای كەتان لە لەندەن.
-2008 هەژدەهەمین بینالییەی ئەستەنبوڵ.
-2008 پەڕلەمانی ئەوروپی- برۆكسل.

-كارەكانی لە شوینی گرنگ دانراوە لەوانە (مۆزەخانەی بەریتانیا، مۆزەخانەی جەنگی ئیمپراتۆری و ڤیكتۆریا، مۆزەخانەی ئەلبریت لە لەندەن).



WALID SITI
LAND ON FIRE














































## پەیمانگای واشنتۆن"کوردستان لە هەموو کاتێك لاوازترە و ئایندەی هەرێم ڕوون نییە"

پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی دوور ، ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناوی "لە عێراق کوردەکان خراپترین دوژمنی خۆیانن" بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە،"کورد لە سەردەمێکدا بە فریاد ڕەس و دەسەلاتدار، وەک یەکێک لە پایەکانی سەقامگیری و بەهێزترین هێز لە شەڕی دژی ڕێکخراوی داعش ناودەبرا. ئێستا، بەهۆی حزبایەتی توند و سیاسەتی خێڵەکی و دابەشکاری ناوخۆیی ئیفلیج بوون".

بەریڤان سەعید نووسەری ئەم بابەتەیە و ڕاپۆرتێکی چڕ و پڕی لەسەر دەخی حوکمڕانی و دەسەڵاتی ئێستای کوردەکانەوە ئامادەکردووە و تێیدا نوسیویەتی "لەم ساڵانەی دواییدا ململانێ و ناکۆکی مێژوویی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا لە هەرێمی کوردستان (یەکێتی و پارتی) لەسەر دەسەڵات توندتربوو، هەوڵەکانی دیپلۆماتکارانی ڕۆژئاواش بۆ هاندانی هەردوو حزب تا پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە، تەنها ئارامبوونەوەیەکی کاتی بەدوای خۆیدا دەهێنا".

ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "دوای هەر ڕێککەوتنێك و لەگەڵ ڕاوەستانی هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ناکۆکییەکی توندتر لەنێوان هەردوو حزبی پارتی و یەکێتی دروست دەبێت، ئەم واقیعەش ئەو ڕاستییە تاڵە دەردەخات کە ئاشتی ناوخۆیی کوردی لەسەر سەرزەنشتکردنی توند و بەردەوامی بیانی و دەرەکی وەستاوە".

ڕاپۆرتەکە بەختێکی قەڵقە و نوسیویەتی "ئەوەی جێی سەرنجە کوردەکان زۆر بەتوانان لەوەی لایەنە ڕکابەرەکانی تر کۆبکەنەوە، بەڵام لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ناکۆکییە ناوخۆییەکان زۆر لاواز و بێباکن".

لە ڕاپۆرتەکەی پەیمانگەی واشنتۆندا باس لەوە کراوە کە "لەلایەکی ترەوە حزبە شیعییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی ئەم دابەشبوونەی کوردەکانیان قۆستەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر بەسەر سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمدا بسەپێنن بەتایبەت لەو یاسای بودجەیەی لەماوەکانی دواییدا لە پەرلەمان پەسەند کرا".

نووسیویشیەتی: "ملکەچبوونی دەسەڵاتی کوردی تەنها لە ئاست لەدەستدانی سەرجەم کەرتی نەوتی کوردستان نەوەستا، بەڵکو لەمەودوا هەولێر هەر دۆلارێکی دەستبکەوێت، دەبێت لە ڕێوشوێنێکی توندی فیدراڵیدا وردبینی بۆ بکرێت و ئەو دەسەڵاتی خەرجکردنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیەتی، لەژێر دەسەڵاتی دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵیی و دادوەری حکومەتی فیدراڵی عێراق دەبێت".

پەیمانگەی واشنتۆن دەڵێت: "لە دەرەنجامی ئەو کارانەش لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێك لاوازترە و چیتر ئایندەی هەرێم ڕوون نییە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان شەرعیەتیان لەدەست داوە، نەك تەنها لەبەر چاوی خەڵکی، بەڵکو لە ڕووی یاساییشەوە بەتایبەت دوای ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق درێژکردنەوەی تەمەنی هەرێمی کوردستانی بە نایاسایی لەقەڵەم دا".

لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان و شەرعییەت دانەوە بە دام و دەزگاکانی هەرێم پەیمانگاکە لە ڕاپۆرتەکەیدا وەڵام دەداتەوە و دەڵێت"ئەم هەڵبژاردنە نوێیە ناتوانێت یەکڕیزی نیشتمانی بەدیبێنێت، بەڵام ڕەنگە بتوانێت هەلی نوێ بۆ دروستبوونی متمانە برەخسێنێت و هانی وتوویژ و بەشداری زیاتری هاوڵاتیان بدات.

پێویستە لە کوردستان بگەنە یەکلاکردنەوەیەکی سیاسی لەڕێی ئەنجامدانی ڕێکەوتنێکی سیاسی نوێ بە پاڵپشتی ئەو لایەنە بیانییانەی پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن".

سپی میدیا




## عێراق بە دروستکردنی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ئابوری هەرێم قوت دەدات

عێراق پەردەی لەسەر پلانێکی گەورەی لاداوە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی هێڵی ئاسنین و ڕێگاوبان بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی گواستنەوەی هەرێمی کە ئەورووپا و کەنداو بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەڵام وەک دەبینرێت ئەو پرۆژە زەبەلاحە کە 17 مليار دۆلار تێچووەکەیەتی، بە تەنیشت هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت و هەرێم بەشێک نابێت لەو پلانە ئابورییە، ئەوەش هێندەی دیکە مەترسی لەسەر پێگە ئابوری و سیاسییەکەی هەرێم، جێدەهێڵێت.

جیهان لەبەردەم گۆڕانکاریی گەورەدایە، بەتایبەتی لەڕوی ئابوریی و بازرگانییەوە، دو بەرەی جیاواز بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا و چین هاتونەتە ئاراوە کە هەردو بەرەکە یەکی پرۆژەیەکی جیاوازیان بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی بازرگانیی جیهان هەیە، ئەو دو هێڵە بە نزیک هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕن، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی هەیە کە هەرێمی کوردستانی لێ بێبەشکردوە. بۆئەوەی هەرێم لە نەخشەی ئابوری و بازرگانیی جیهاندا بمێنێتەوە، دەبێت هێڵێکی شەمەندەفەری هەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەند ساڵێکە سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ پرۆژەیەکی لەو شێوەیە، لەم ڕاپۆرتەدا وردەکاری ئەو هاوکێشەیە خراوەتەڕو.

ماوەیەکە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان کە بەندەری فاو بە وڵاتی تورکیاوە دەبەستێتەوە، کەوتوەتە بەرباس و گرنگیی ئەو پرۆژەیەش لە ئێستادا زیاتر بوە کە هەردو وڵاتی چین و هندستان دەیانەوێت بە دو ڕێگەی جیاواز هێڵی گواستنەوەی بازرگانیی لە جیهاندا بنیادبنێن.

پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئامادەکراوە و بڕیاروایە بە تێچوی 17 مليار دۆلار جێبەجێ بکرێت و چەند کۆمپانیایەکی ئیتاڵیی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەکەن.

پرۆژەکە دو ڕێگەی تەریبن، کە یەکێکیان ڕێگەی ئۆتۆمبێل و ئەوی دیکەیان ڕێگەی شەمەندەفەرە، هەردو ڕێگەکەش بۆ گواستنەوەی بازرگانیی و گواستنەوەی گەشتیار بەکاردەهێنرێن.

ئەو ڕێگەیە، لە بەندەری فاوەوە دەست پێدەکات، بە زیاتر لە 10 پارێزگای عێراقدا تێدەپەڕێت و لەڕێگەی بەندەری پێشخابورەوە دەگاتە تورکیا و لەوێشەوە بە وڵاتانی ئەوروپا دەبەسترێتەوە.

هەرێمی کوردستان نیگەرانە لەو پرۆژەیە، چونکە بە هیچ یەک لە شارە گەورەکانی هەرێمدا تێناپەڕێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایکردوە پرۆژەکە بەشێوەیەک نەخشە بکێشرێت کە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە بە تورکیاوە ببەسترێتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەوەی ڕەتکردوەتەوە بەبیانوی ئەوەی ئەگەر لە ئیبراهیم خەلیلەوە بیگەیەننە تورکیا ئەوا تێچوی پرۆژەکە دەگاتە 20 مليار دۆلار و کاتی تەواوبونی پرۆژەکەش لە چوار ساڵەوە دەگاتە شەش ساڵ.

گرنگی ئەو پرۆژەیە لە کاتێکدا زیاتر دەبێت کە هەردو وڵاتی چین و هیندیستان دو پرۆژەی جیاوازی هێڵی بازرگانییان هەیە، هەردو هێڵەکە بە نزیک هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕن و لە ئەگەری بێبەشبونی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گەشەپێدان، لەو هێڵە بازرگانییانەشدا پەراوێز دەخرێت، کە ئەوەش بۆ داهاتوی پێگەی ئابوری سیاسیی هەرێمی کوردستان مەترسیدارە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە پرۆژەیەکی تایبەتی هەیە بۆ بنیاتنانی پرۆژەیەکی ڕێگەی ئاسنین کە لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ پەروێزخان درێژ دەبێتەوە، لە ئەگەری جێبەجێکردنیدا ئەو پرۆژەیە دەبێتە هۆکارێک بۆ بوژاندنەوەی ئابوری هەرێمی کوردستان و دەبێتە بەشێک لە چەند پرۆژەیەکی گەورەی بازرگانیی لە جیهان و ناوچەکەدا. کە ئەوەش پێگەیەکی نوێی بەهێز بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت.

سایتی KNN




## کۆبوونەوەی نهێنیٔ نێوان ئەمەریکا و ڕژێمی ئەسەد ئەنجامدراوە کە ناویشانەکەی ( هێزەکانی سوریای دیموکرات بووە)

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مەسقەتی پایتەختی عومان لەگەڵ حکومەتی سوریا گفتوگۆی نهێنی و ڕاستەوخۆی ئەنجامدا و لەو گفتوگۆیەدا کەسایەتییە ئەمنی ئەو دوو وڵاتە و نوێنەرانی وەزارەتەکانی دەرەوە بەشداریان تێدا کردووە.

بەپێی ئەو زانیارییە تایبەتانەی کە "فۆکس پرێس" لە سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرپرسێکی ئەمریکییەوە دەستی کەوتووە کە بەشداری کۆبوونەوەکە بووە، ناوبراو ڕایگەیاندووە کە شاندەکەی ئەمریکا لەلایەن برێت مەکگۆرک ڕێکخەری کاروباری ئاسایشی کۆشکی سپی بۆ کاروباری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا سەرۆکایەتی کراوە.

ئەو سەرچاوە ئەمریکییە بۆ "فۆکس پرێس" زیادی کردووە کە "ماکگورک" لە میانی دانوستانە نهێنییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی سووریادا مەرجی ئەوەی دابوو کە هەر چارەسەرێکی سیاسی لە سووریا دەبێت گەرەنتی ڕۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات و ئیدارەی خۆسەری تێدا بکات، بەو پێیەی ئەوان ناوچەیەکی بەرفراوانی لە زەوی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریان لە ژێردەستدایە و خاوەندارێتی بەرنامەیەکی سیاسی ڕوون دەکەن کە بەشدار دەبێت لە دانانی هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا و کۆتاییهێنان بە گەورەترین کارەساتی هەزارەی سێیەم.

مەرجی ئەمریکا بۆ دڵنیابوون لە ئامادەبوونی "هەسەدە" لە هەر چارەسەرێکی سیاسیدا، هاوکاتە لەگەڵ ئەو نێوەندگیرییەی کە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی سەرکردایەتی دەکات لە نێوان حکومەتی سوریا و ئیدارەی خۆسەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان هەردوولادا.


لە کۆتاییەکانی مانگی ئازار و سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ، مەزلوم عەبدی، فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات، چووە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و لەگەڵ بەرپرسانی ئیماراتی کۆبووەوە، لەنێویاندا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئیماراتی، تەحنون بن زاید ئال نەهیان، بە یاوەری سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پاڤێل تاڵەبانی. بەگوێرەی زانیارییەکان، ئیمارات هەوڵدەدات پردێک بۆ بۆچوونەکانی نێوان ئیدارەی خۆسەر و حکومەتی سوریا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێککەوتن لەسەر فۆرمولێک بۆ چارەسەری قەیرانی سوریا.

ئەم هەوڵانە دوای ئەوە دێت کە هاوپەیمانی سوریا شەرعیەتی خۆی لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە لەدەستدا، لە کاتێکدا وڵاتانی عەرەبی دەستیان کرد بە ڕووکردن بەرەو ئیدارەی خۆسەر و بە کلیلی چارەسەری متمانەپێکراوی دەزانن بۆ گەیشتن بە یەکلاییکردنەوەی سیاسی کە کۆتایی بە قەیرانی سوریا بهێنێت کە بۆ زیاتر درێژبووەتەوە لە دە ساڵ.

**سپی میدیا**

## ((چنــارو هێمـن ))

ئەی منـاڵە ژیکـەڵەکان
جگـەر گۆشـە خنجیلەکان
گوێ بگرن لەم بەسەرهاتە
کە ڕووی داوە لـەم وولاتـە
لە سـەید سادق ودەوروبەری
لەکـۆمەڵگەی شـانەدەری
دوو منـاڵی ژیـرو خرپن
بەنـاوی چـنارو هێمـن
خوشک و برایـکی هـەتیوو
هەست وسۆزی باوک نەدیوو
لەرۆژێکی سـاردی زسـتان
لەناو نوێنـی گـەرم هەستان
ئەو خـوشـک وبرایە جـوانە
ڕۆیشـتن بۆ قـوتابخـانە
دەستی یەکیان گرت هەربەپێ
بەروو خۆشی دەرچون لەدێ
لەگـەڕانـەوە بـەرەو مـاڵ
ڕێ وون دەکەن هەردووکمناڵ
ئیـدی شـەویان بەسەرداد
بەتەنیایـی و لەدوورە دێ
ئەکـەونە ناو بەفـرو چۆڵی
لەبەر بەدبەختی و کڵۆڵی
هیمـن لەباوەشـی چنـار
ماڵ ئاوایی دەکا دواجـار
چناریش لە نەخـۆشـخانە
دواجار جێی هێشت قوتابخانە
ئێـوەش منـاڵە جـوانەکان
ببن بەدۆسـتی وانـەکان
بەوێنـەی چـنارو هێمـن
خولیابن بە دەرس وخـوێندن
بۆ دوارۆژی گـەل و وولات
خوێندن کەن بەچەکی خەبات
(هاشـم حسـین بڵباس)





# سالار مەحمود: دوژمنانی کورد ئیسرائیل وەک بەهانەی داگیرکردنی کوردستان بەکاردێنن

باسنیوس

"کورد خاوەنی دۆزی ڕەوای خۆیەتی و پێویستە بە توندی ڕووبەڕووی ئەو تۆمەتانە ببێتەوە"


سالار مەحمود پەرلەمانتاری پێشووی کوردستان ڕای گەیاند نیوەی وڵاتانی عەرەبی پەیوەندیی فەرمیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و ئاڵاکەی لە وڵاتەکانیان دەشەکێتەوە، بەڵام وەک جارانی بەعس، تۆمەت دەدەنە پاڵ کوردستان و پەلاماری دەدەن، کورد خاوەنی دۆزی ڕەوای خۆیەتی و پێویستە بە توندی ڕووبەڕووی ئەو تۆمەتانە ببێتەوە.

سالار محەمەد پەرلەمانتاری پێشوو لە فراکسیۆنی یەکێتی لە هەژماری خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی "فەیسبووك" نووسیویەتی "ساڵی ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا و حکوومەتی کوردستان دامەزرا، میدیاکانی ڕژێمی بەعس هەرایان نایەوە کە ئەوە پرۆژەی ئیسرائیلە، تورکیاش بەرەسمی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دەکات و لەولاشەوە ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان بە پرۆژەی ئیسرائیل ناوزەد دەکات".

هەروەها ئاماژەی بەوەش داوە کە لە کاتی ڕیفراندۆمدا بەناو دۆستەکانی وەک عەمار حەکیم و عەبادی و سەدر و خەزعەلی لە مینبەرەکانیانەوە بانگەشەیان دەکرد، کە ئەوە پرۆژەی ئیسرائیلە.

هەروەها ئاماژەی بە شاری قودس داوە کە لە مێژوودا یەک جار ڕزگار کراوە، ئەویش لەسەر دەستی سەرکردەیەکی کورد، کەچی عەرەب دەڵێن سەرکردەیەکی ئیسلام، ناڵێن موسڵمانێکی کورد. ئێرانیش ئیسرائیلی کردووەتە بیانووی نەیارییەکانی بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، هیچ یەک لەو بانگەشانەش ڕاست و دروست نین.

پەرلەمانتارەکەی پێشووی کوردستان دەشڵێ دووفاقی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و نەیارانی قەوارەی کوردستان لە پرسی ئیسرائیلدا جێی داخە، لە کاتێکدا کە بەشێک بەناو شرۆڤەکاری سیاسیی کوردیش قسەی ئەوان دەڵێنەوە. با برا عەرەبە چاو ڕەشەکانی عێراق بچن ڕەخنەی وڵاتانی برای خۆیان بکەن کە نایکەن، نەک پەیوەندی باتڵی کورد لەگەڵ ئیسرائیل تێکەڵ بە ناکۆکییە سیاسییەکان بکەن. دەنا کورد خاوەنی دۆزی ڕەوای خۆیەتی و پێویستە بە توندی و یەکگرتوویی ڕووبەڕووی پیلانی پشت ئەو تۆمەتانە ببێتەوە و ماڵی خۆی لەگەڵ خەڵک بە چاکسازی و پەیوەندی نیشتمانی تۆکمە بکات.



# شیعری بۆ ئەمساڵیش
## بۆ ئەمساڵیش

پێش هەموو پایتەختەکانی ئەم دنیایە...
لە کووچەکانی ئێمەدا ئاگر باری
شارەکانمان پێش گشت شارێ
گۆڕیان بۆ شاری یاری
پێش ئەوەی بابا نوئێل بێت
ئێمە کرابووین بە دیاری
بۆ ئەم ساڵیش هیچ ڕووبارێ
نەیتوانی شان بات لە شانمان
دڵۆپەی هیچ بارانێکیش
نەگەشتەوە بە نمەی فرمێسکەکانمان
هیچ شەختەیەکی ئەم دنیا
نەتەزیبوو وەک منداڵەکانی ئێمە
هیچ گەلێکی ئەم دنیایە ، ئەوەندەی ئێمەی بەرنەکەو
لە درۆکانی یوئێن و
لە بەتانی تەنک و خێمە.
هیچ فۆتۆیەکی ئەم دنیا
ڤیوی نەبوو ...
ئەوەندەی پشتی سوتاوی محەمەد و
هیچ هاوارێکی ئەم دنیا کوڵی نەبوو....
ئەوەندەی گریانی سارا.
هیچ کیژێکی بەژن زراڤی ئەم دنیا
وەکو کچەکانی ئێمە
کفنیان بۆ نەکرا بەتارا.
هیچ باخێکی ئەم دنیایە
باخەوانی لێ نەکوژرا، بێ لە باخی عەفرینی من
هیچ ئاسمانێ هەوری نەدرایە بەر گوللە
بێ لە (هەقال هەڤرین)ی من.
بەڵام ئەمسال وەکو ساڵان
نە نۆبلی فرمێسک درا بە کچێکمان
نە تیشێرتێکی ئەمریکی
سیمای مناڵێکی ئێمەی خرایە سەر
هەر خۆمان سەرماکەی خۆمان ئەکەینەبەر
هەر خۆمان بە دەستی خۆمان
تاجی ئەم بێکەسیەمان ئەکەینە سەر.

نووسینی : ڕەنج سەنگاوی
سایتی زانیاری




# تەرم لەسەر شەقامەکان کەوتوون و ماڵەکان بوونەتە گۆڕستان

لە ناوەڕاستی مانگی نیسانەوە تا ئێستا دەنگی فیشەک و تۆپ لە خەرتومی پایتەختی سودان نەبڕاوە، ڕۆژانە دەیان کەس دەکوژرێن و بریندار دەبن، جا چ لە هەردوو لای شەڕەکە بێت یان خەڵکی سڤیل.

لە ئەنجامی ئەم شەڕە، کە چووەتە مانگی پێنجەمی خۆیەوە، دەسەڵاتە ناوخۆیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناتوانن بە وردی ژمارەی قوربانیانی ململانێکان بژمێرن.

لیژنەی بەرایی سەندیکای پزیشکانی سودان ڕایدەگەیەنێت، ئەستەمە بتوانرێت ژمارەی قوربانیانی شەڕەکە بخەمڵێندرێت، چونکە زۆرێک لە خێزانەکان ناچاربوون کوژراوەکانیان لە ماڵەوە بنێژن، ئەوەش بەهۆی نەتوانینی گەیشتنیان بە گۆڕستانەکان.

بەپێی وتەی شایەتحاڵان گەیشتن بە گۆڕستانەکان ئەستەم بووە و دەیان تەرم لەسەر شەقامەکان کەوتوون و دیمەنەکە بە جۆرێك خەمهێنەرە کەم کەس هەیە بەرگەی بینینی بگرێت.

ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کە دواییینیان ڕێکخراوی ڕزگارکردنی منداڵانی بەریتانی بوو، هۆشدارییان دا لە مەترسی جێهێشتنی تەرمەکان لە شەقامەکاندا، بە وتەی ئەوان مەترسی بۆ سەر دانیشتووان دروستدەکات بەهۆی شیبوونەوە و خراپبوونیان، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییەکان.

دەستەی پزیشکی دادوەریی لە سودان، هۆشداری داوە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتاکان بەتایبەتی تاعون، بەهۆی ئەوەی زیاتر لە سێ هەزار تەرم لە مردووخانەکانی خەرتوم دانراون مەترسی هەیە شی ببنەوە و بۆگەن بکەن، ئەم تەرمانە هی ڕووداوەکانی ٢٠١٩ و ڕۆژانی دواترن کە بەهۆی ئامانجی سیاسیەوە ڕێگری کراوە لە ناشتنیان.

سودان خاوەنی سامانی سروشتی هەمەچەشنە وەک زەوی کشتوکاڵی، سامانی ئاژەڵ و کانزا، دارستان، سامانی ماسی و ئاوی شیرین. بەڵام دانیشتوانەکەی لە هەژارییەکی کوشندەدا دەژین.

شەڕەکە لە نێوان سوپا و هێزەکانی پشتیوانی خێرا لە ناوەڕاستی مانگی نیسانەوە، بە سەرۆکایەتی هەردوو ژەنەڕاڵ عەبدولفەتاح بورهان و محەمەد حمدان دەستیپێکردووە و تا ئێستا هەزاران کەس کوژراون و بە ملیۆنانیش ئاوارەو دەربەدەر بوون.

پیسەر



# ئایا کورد لە باشور لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندا دەتوانێ چی کارتێک بەکار بهێنێت..؟

سەرکەوتی جیهاز

بەڕێزان / لایەنی بەرپرسی حکومی و پەرلەمانی و یاسایی و حیزبی
بابەت / پێشنیار
ئایا کورد لە باشور لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندا دەتوانێ چی کارتێک بەکار بهێنێت..؟
بەڕێزان

وەک دەزانین لە ئێستادا نێوانی حکومەتی هەرێم و ناوەند بە ئاڵۆزییەکی قورسدا تێدەپەڕێ تا ئەو ئاستەی لە گفتوگۆ و یاسایی و ژمێریاری و سیاسی دەرچوە و گەیشتوەتە قۆناغی ئەگەری بەکارهێنانی کارت دژی یەکتر، ئەمەش وا دەکات هەرێم کارتەکانی خۆی و بەغداد بەراورد بکات تا بۆمان دەربکەوێت هێزی کارتەکان چەند دەبێت ، ئەوەی دەمەوێت پێشنیاری بکە م لە ئەگەری گەیشتنە بەکارهێنانی کارتەکاندا ، بریتیە لەم چەند خاڵە :

١-کارتەکانی (سیاسی و کارگێڕی و یاسایی) هەر لە کشانەوە لە پڕۆسەی سیاسی عێراق و تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای فیدرڕاڵی ئەگەری توانای فشاری قورسیان نیە .

٢- کارتی نێودەوڵەتی کە دەکرێت بە نێوند گیری وڵاتانی وەک فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا کار لەسەر ئەم کەیسانە بکرێت ، بەڵام پێ ناچێت ئەم وڵاتانە ئەم گوشارە بکەن لەبەر پەیوەندی و بەرژەوەندی گەورەیان لەگەڵ بەغدادا.

٣-کارتی جەنگی ئاو : ئەم کارتەش کە باس دەکرێ کارتێکی بێهێزە وناتوانرێ بەکار بهێنرێت لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ، دوو هۆکاری سەرەکی ، یەکەم بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا نامێنێ ، دوهەم بەنداوەکان توانای گلدانەوەی ئاوی زۆریان نیە ،وە بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان و دەستوری عێراقی هەرێمێکی فیدرڕاڵ ناتوانێ سەرچاوەی ئاوی سروشتی بگرێتەوە.

٤-کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی کاتێک دەکرێت کە هەرێم پاشخانی مالی و کۆمەڵایەتی و یەکێتی ناوەکی لانی کەم بۆ دە ساڵ مسۆگەر کردبێ ،بەم حاڵەوە کە هەرێم قەرزارە ، دامەزراوەکان دارماون ، دوو بەرەکی و چەند بەرکی یەکێتی ناوەکی هەڵوەشاندوە و هتد.

٥-پاڵپشتی ئەمریکا و ئەوروپا لە پاڵپشتی گشتییەوە بوەتە پاڵپشتی تایبەت و سەربارزی ،بە تایبەت دوای ڕیفراندۆم ئەم کارتەش سوتاوە و پاڵپشتی ئەوروپا و ئەمریکا هیچ ڕۆڵی نیە.

٦- دوای ئەوەی گفتوگۆی نوێنەرەکان هەر بێ ئەنجام بو ، وە دوای ئەوەی ئەو کارتانەی باسمان کرد کاریگەری گوشاریان نەبو ، وە هێزی ململانیان نەبو ، هەرێم خاوەنی چەکێک و کارتێکی بەهێزە کە بریتیە لە قەرەبوی خوێن و ژێرخانی ئابوری وەک:

- ئەنفالەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو جینۆسایدی کورد کە دەوڵەتی مەرکەزی عێراق بەرامبەر کورد کردویانە، کە دەکرێت بکرێتە کارتێکی نێودەوڵەتی و داوای قەرەبوی ماددی و مەعنەوی بکرێت لە حکومەتی ناوەند وەک کارتی خوێن ، کارتی خوێن بکرێت بە قەڵغانێک بۆ دووبارە نەبونەوەی جینۆساید و دورستکردنی کیانێک بۆ کورد هاوشێوەی هۆلۆکۆست بۆ جولەکە .
- خاپورکردنی (٤٥٠٠) گوند ، دەکرێت بە بەڵگەی کۆنکرێتییەوە بسەلمێنرێت کە ئەم گوندانە خاپورکراون و پۆلێن بکرێت کە گوندی وا هەیە چەند جارێک خاپور کراوە و لەگەڵیشیدا قەزا و ناحییەکان ، وە لە ڕووی ژمێریاری یاساییەوە بخەمڵێنرێت .
- سوتاندنی باخ و پوش و پاوان و لەناوچونی گیاندارەکانی کوردستان کە بەبەڵگەوە بسلەمێنرێت و لە ڕوی ژمێریاری یاساییەوە بخەمڵێنرێت.
- خاپورکردنی کارگەکان
- بێکاری و دورستکردنی کۆمەڵگا زۆرە ملێییەکان و ئەو زیانە کۆمەڵایەتیانەی بەر هەرێم کەوتون و لە ڕوی ژمێریاری یاساییەوە بخەمڵێنرێت.
- کەمئەندامان و قوربانیانی تەقینەوەی مین بەبەڵگەوە بسلەمێنرێت و لە ڕوی ژمێریاری یاساییەوە بخەمڵێنرێت.
- تێکدانی دیمۆگرافایی دانیشتوانی هەرێم ، بەبەڵگەوە بسلەمێنرێت و لە ڕوی ژمێریاری و یاساییەوە بخەمڵێنرێت.



# جەستەیەکی هەپروون

شەوی 2- 3 / 9 / 1986 پێشمەرگەکانی تیپی 47 پیرەمەگرون و چەند مەفرەزەیەکی مەڵبەندی 2 ، لەسەعاتی سفردا ، تەواوی دام ودەزگاکانی ئۆردوگای ( کارێزە ) *یان گرت، بە چەند دەسکەوتێک گە ڕانەوە بۆ گاپیلۆن .

دوای چەند ڕۆژێك ، تۆپ خانەکانی (سەربازگەی سوسێ و ساراداو و قەڵاچوڵان و سورەقەڵات و ماوەت ) ،تۆپ بارانی گوندەکانی سەفرەو زەرون و دۆڵی جافایەتیان کرد .

فرۆکە جەنگییەکانی عێراق ، بە بۆمبی هێشووی بۆردومانی گوندی (یاخسەمەر) یان کرد.

ماڵی( مام هێرش ) * *لە نزیک مزگەوتەکەی گوندی سەرگەڵو بوو ، دوای نیوەڕۆکەی تۆپ بارانی گوندی سەرگەڵوکرا ، یەکەم تۆپ لە پشتی ماڵی مام هێرش دا.

( رازاو خانی هاوسەری مام هێرش و هێژاو هێڤا ) ، خۆیان گەیاندە ژێر خانەکە ، (بیستون ) ** *ی برای مام هێرش ، لە بەردەم ژوورە بچوکەکەی خۆی دا وەستا بوو .

مام هێرش بە خێرایی خۆی گەیاندە حەوشە کە، لەو ساتەدا کۆپتەرێک یان لە قوڵایی ئاسمان ، لە ئاستی سەرگەڵو دا بینی ، ڕەسەد بوو ، مام هێرش بە بیستونی برای وت :

-بچۆ ژوورەوە ، ئاراستەی تۆپەکان ڕووە و ماڵی ئێمەیە .

هێشتا قسەکەی تەوا و نەکردبوو ، دووەم توپ دای لە بیستون ، هەردووکیان لە ناو دوکەڵ و تەپو تۆزەکەدا ون بوون ، دوو پارچەی تۆپەکە ، بەر ڕانی مام هێرش کەوتبوو ، فوارەی خوێنی نەدەوەستا .

وردە وردە دوکەڵ و تەپ وتۆزەکە ڕەوایەوە ، مام هێرش بە دەم ئازارێکی توند ەوە ، چاوی گێڕا بیستونی برای دیار نەمابوو، پڕ بە گەرووی هاواری کرد :

-بیستون ،بیستون گیان لە کوێی ، فریام کەوە ؟

لە ناکاو دیمەنی هەپرون هەپرونی جەستەی بیستونی برای و پارچە ی گولە تۆپەکەوجۆگەلەی خوینەکە ی بینی ،بە جۆرێک ناخ و ڕۆحی بریندا بوو ، ئازاری برینەکەی خۆی لە بیرنەما .

یاسین ی برایان ، لە لای مزگەوتەکە وە بەراکردن گەیشتە لایان ، لە گەڵ چەند پێشمەرگە یەک مام هێرشیان گەیاندە ماڵی حەمە جەزا لە گوندی قزلەر ، لەوێ هەواڵ یان بۆ باوکی نارد :

( مام هێرش بریندارە ، چاوەڕوانی ئێوەیە ، سەردانی بکەن )

بۆ ڕۆژی دواتر باوک و براکەی گەیشتنە قزلەر ، باوکی ، مام هێرشی بینی ،ناوچەوانی ماچ کرد .

-کوڕم ، کە هەواڵەکەتم بیست ، بە تەمات نەبووم، قەد بڕوام نەدەکرد ، جارێکی تر بت بینمەوە ، وام دەزانی شەهید کراویت .

دوای تاوێ ، وتی :

-هێرش گیان، ئەوە بیستون ی برات . بۆ دیار نییە ، لە کوێ یە ؟

مام هێرش ، زمانی بە جۆرێک بەسترابوو ، یەک وشەی بۆ نەوترا ، دوو دڵۆپ فرمێسک بە چاوەکانی دا هەتە خوارەوە. باوکی و براکەی بە قوڵپی گریانەوهاوارەوە ، باوەشیان بە مام هێرش دا کرد ، پێشمەرگەیەک دەستی گرتن ، دووری خستنەوە .

-ئاگاتان لە برینەکەی مام هێرش بێت ، زۆر قوڵە ،با ئازاری پێ نەگات .

مام هێرش پێشمەرگەیەکی لەقزلەرەوە نارد بۆ ماڵی خۆیان لە سەرگەڵو بۆ ئەوەی جلەکانی بۆ بێنێ .

لەو کاتە پێشمەرگە گەیشتە بەر دەرگا ، ژنێکی دراوسێیان کە پێشمەرگەکەی بینی پێی وت :

-کوڕم پێشمەرگەکان هەموو پارچەکانی جەستە ی بیستون یان کۆ کردوەتەوە ، تەنیا چەند پارچەیەک بەو درەختەوە ماوە ، کەس دەستی پێ ناگات ، پشیلە هەراسانی کردوین .

عەبدوڵلا کەریم مەحمود

سەرچاوە و پەراوێز :

ئەم زانیاریەم لە پێشمەرگەیەکی گوم ناوەوە پێ گەیشتووە.

*گرتنی دام ودەزگاکانی ئۆردوگای کارێزە بە سەرپرشتی قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی 2 بوو ، یەکەم RbG شۆڕش ئیسماعیل ی سەرتیپی 47 پیرەمەگرون نای بە مەرکەزی پۆلیسەکەوە ، سالار دەرەیی قفڵی ژووری زیندانەکەی شکاند ، محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ یان لە زیندان ئازاد کرد ،لە کاتی گەڕانەوەدا ، محەمەدی مەلا عەلی بە پارچەی هاوەنێک شەهید کرا ./سەرکەوت ی جیهاز .


**محەمەد ئەحمەد مەحمود ،ناسراو بە (مام هێرش )، لە 1954 لە گەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لەدایک بووە ،لە 10 / 10 / 1976 ڕووی کردوەتەشاخ وبووە بە پێشمەرگە ی مەفرەزە سەرەتاییەکان ، لە 1978 لە تراژیدیای کارەساتی هەکاری دا بووە، لە 1979 فەرماندەی مەفرەزە ی نە بەردییەکانی ناوشار بووە و چەند جاسوس و خائینی بە سزای گەل گەیاندووە ، وێنەی مام هێرش لەلای ئەمنی سلێمانی بوو بۆ دەسگیر کردنی ،ئەمنی سلێمانی بە هاوکاری جاسوسێک دەسگیری دەکەن ، ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەدەن ،هیچ نهێنیەک نادرکێنێ، دوای چەند مانگێک ، شەوێک لە زیندانی حامیە ی سلێمانی بە هاوکاری یاسین مام بایز و 4 زیندانی تر دەرباز دە بن ، ڕوو دەکەنە شاخ،لە 1981 کراوە بە فەرماندەی کەرت لە مەکتەبی عەسکەری ،دواتر گوێزرایەوە بۆ شارباژێر ، لە 1987 کرا بە جێگری فەرماندەی تیپی 17 ی زمناکۆ لە مەڵبەندی یەک ،بەشداری (شەڕەکانی سنوری سەرکردایەتی و کارەساتی هەکاری و شەڕی قەیوان -ماوەت، شەڕی سەرجادەی سلێمانی و گرتنی قەرەداخ ) ی کردوە ، لە شەوی 9-10 / 11 / 1987 لە شەڕێک دا لە گوندی چەرمەگا شەهید کرا/ یاسین ی برای شە هید مام هێرش .


***بیستون ئەحمەد مەحمود ، ناسراو بە (مام شۆڕش ) ، لە ساڵی 1958 لە گەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لەدایک بووە ، لە ساڵی 1977 ڕووی کردوەتەشاخ و بووەبە پێشمەرگە . فەرماندەی مەفرەزە بوو لە لای مام هێرش ی برای .لە 4 / 10 / 1986 بیستون لە تۆ پبارانی سەرگەڵو شەهید کرا/ یاسین ی برای شەهید مام هێرش.

# حەمەی نێرگز

هونەرمەند ناوی تەواوی محەمەد ساڵحی حاجی شەریفە باوکی ناسرابوو بە سالح بەگی عەلاف (1965کۆچی کردووە) و باپیریشی حاجی شەریف مالی لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی سلێمانی کەماڵەکەی بە حەوشی گەورەی کانی ئەسکان (کانێسکان) ناسرابوو، بەهۆی کوێر بوونی باوکی کە هونەرمەندو براو خوشکەکانی مندال بوون دایکیان بە خێووی کردوون 3 برا و 4 خوشک بوون وە هەروەها نازناوی نێرگز بەهۆی کە باوکی دوو ژنی بووە ودواتر کوێر بوونی و ڕۆڵی بەرزی پەروەردەی نێرگزی دایکیان نازناوی پێداون ئافرەتێکی زۆر زیرەک بووە لە هونەری خواردنکردندا و خواردنی بە خۆشترین خواردن لە سلێمانی ناوی هەبووە. (نێرگز محەمەد ئەحمەد \1904ز -1991ز) براکانی خوالێخۆشبوو وەستا سەلاحی نێرگز (1943ز-2011ز) لە باشترین وەستاکانی مەرمەر و کاشی بووە و پێشمەرگەی ئەیلوول بووە تا کۆتایی شۆڕش، برا گەورەکەی ناوی کەریمی نێرگز کە خەیات بووە و دواتر چووە بۆ بەغدا و لە ڕێکەوتی 1963 بە دەستی عەرەبەکان لە ڕوباری دجلە دەخنکێنرێت. بێجگە لە 4 خوشکی و 2 برا حەمەی نێرگز خۆی دوو خوشکی ماون لە ژیان.

ویکیپیدیا




YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەوووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com 0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com 009647701553018
sharazwri@gmail.com 009647701961087